# پێڕست


١- لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە................... مستەفا مەعرووفی ........................ ٧

٢- پێشمەرگە، دوێنێ و ئەمڕۆ ............................................... رۆژنامەی کوردستان ........................ ١٢

٣- پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن ................... ئارەش لۆرستانی .......... وەرگێڕان: ئاڵەشین .............. ١٥

٤- پێگەو پێناسەی پێشمەرگەی کوردستان ................................................ ئازاد کەریمی ..................... ١٨

٥- رۆژی ئاڵا، رۆژی شوناس ............................................ عەبدوڵڵا بەهرامی ............................ ٢٠

٦- رۆژی پێشمەرگە، رۆژی هەلکردنی ئاڵای کوردستان ................................ عومەر باڵەکی ..................... ٢٢

٧- پێشمەرگە ئیرادەی گەلێکە کە قەت ئامادە نەبووە تەسلیمی ژێردەستی بێت ............... مەجید حەقی .............. ٢٤

٨- چەند دێڕێک لە بارەی " ئاڵا"ی کوردستانەوە ......................................... سیروان کاوسی .............. ٢٨

٩- سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوە عەبدوولا حیجاب بۆ رۆژهەلات تایمز دەدوێ .................... ئارام قادری ........... ٣٢

١٠- دیمانەیەک لەگەڵ هاشم رۆستەمی سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز ......................... ئارام قادری ................. ٣٦

١١- باسێک سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ....................... رەشید حەیدەری ............ ٣٩

١٢- بۆ ٢٦ی سەرماوەز "هەر ماڵەو ئاڵایەک" ............................................ ژیوار رەسووڵی ................ ٤٥

١٣- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ......................................... کاوە بەهرامی .................. ٤٧

١٤- پێشمەرگەو رەسالەتی مێژوویی ................................................ نەوید کەرەمی ........................ ٥٠

١٥- سروشت و سیمای راستەقینەی پێشمەرگە ................................ حوسێن نازدار ................................ ٥٥

١٦- "بۆ ٢٦ی سەرماوەز! ............................................ سیامەند شێخ ئاغایی ............................ ٥٦

١٧- ئاڵای کوردستان و سرودی ئەی رەقیب ........................... ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف ...................... ٦٤

١٨- ڕۆژی ئاڵای کوردستان .................................................. د.یوسف محەمەد سادق ........................ ٦٧

١٩- لەڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا ..................................... رەسوڵ بۆسکێنی ......................... ٦٩

٢٠- پێشمەرگەکانی دوێنێ و پێشەنگەکانی ئەمڕۆ و کەلتووری زێڕین ................. د.عوسمان یاسین .................. ٧٢

٢١- پێشمەرگە وەک ئینسان ........................................ هیدایەت مەلا عەلی .................................... ٧٦

٢٢- پێشمەرگە ............................................................ هیوا سەرهەنگ ................................ ٧٩

٢٣- تەواوکردنی بابەتێک ........................................... عبدالله حسنزادە .................................... ٨١

٢٤- قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەدا..... گیارەنگ ... ٨٣

٢٥- رۆژی پێشمەرگەی کوردستان؛ ٢٦ی سەرماوەز یا ١٥ای رێبەندان؟ ..................... وریا رەحمانی ................... ٨٩

٢٦- پێشمەرگە، هەر دەبێ پێشمەرگە بمێنێتەوە! ................................ هەیاس کاردۆ ............................... ٩١
٢٧- ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان؟ ........... پۆلا نانەوازادە ......... ٩٣
٢٨- چیتر ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە نەبێ! ................................ هاشم ڕۆستەمی ........................... ٩٧
٢٩- مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان ......................................... هاشم ڕۆستەمی .................... ١٠٠
٣٠- دوو ڕوانین........................................................... عەبدوڵڵای حەسەنزادە ............................. ١٠٢
٣١- عەبدوولڵا حەسەنزادە: ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان نییە ............................................ ١٠٥
٣٢- با هەموو هەڵەکانی حیزب ڕاست بکەینەوە، نەک تەنیا ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگە ..... ڕەشید قازی ...... ١٠٨
٣٣- پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە! ..................... قادر وریا ..................... ١١٢
٣٤- پەیامی کۆمیسیونی سیاسی – نیزامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ......................... ١١٤
٣٥- ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە ............................ ئەحمەد مەکڵاوەیی ........................... ١١٧
٣٦- ئاڵای کوردستان ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کوردە ............................ ئاریتما موحەممەدی ........................ ١١٩
٣٧- ڕۆژی پێشمەرگە!: .......................................................... حامیدڕەشیدی زەرزا ...................... ١٢٢
٣٨- کڕنۆشێک بۆ پێشمەرگە!. ....................................................... مەجید حەقی ........................... ١٢٤
٣٩- پێشمەرگە هیوای ئەویندارا ن و هانای بیئەنوایانە ........................... ئامانج کردستانی ...................... ١٢٦
٤٠- ٢٦ی سەرماوەزمان پیرۆز بێ!. .......................................... مەلا برایمی مەجیدپور ........................... ١٢٧
٤١- ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازانە ........................ کوێستان قتووحی ...................... ١٣٠
٤٢- ئاڵای کوردستان و پێشنیارێک ............................................. چیا کوردستانی ............................. ١٣٥
٤٣- با ئاڵای کوردستان هەوێنی یەکبوونمان بێت ................................ قادر وریا ................................ ١٣٩
٤٤- پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی .................. وریا ڕەحمانی .................. ١٤١
٤٥- پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمڕۆ ................................................. عەونی خۆشناو ............................... ١٤٤
٤٦- وتاری دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ........................................ ١٤٦
٤٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشنیار دەکات ........................ ١٥٠
٤٨- ڕێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە ............................ کوێستان قتوحی ............................ ١٥٢
٤٩- پێشمەرگە کێیە؟............................................ سەلاح شەشە .............................................. ١٥٤
٥٠- بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستان ............... ڕەحمان ئیبراهیم زادە ................. ١٥٧
٥١- ئایا ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە؟،........................... حامید درودی ..................... ١٦٠
٥٢- خەباتی ژن و ناوی پێشمەرگە.............................. ئامادەکردنی: خونچێ ساڵەپور ............................ ١٦٥
٥٣- وێناکردنی «پێشمەرگە» لە هەیبەتی «پیاو»دا!!................................ کوێستان قتووحی ...................... ١٦٩
٥٤- با٢٦ی سەرماوەز بکەێنە ڕۆژی یەک ڕێزی وخەبات ........................... فەوزیە مام ئاقایی ...................... ١٧٢
٥٥- بۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ......................... ڕەحمان ئیبراهیم زادە ...................... ١٧٣
٥٦- ئەو دیمەنانەی پێشمەرگە کە ئاوێتەی هەستم بووە ......................... حەکیم حسین زادە ...................... ١٧٥

# پێشمەرگە ئیرادەی گەلێکە کە قەت ئامادە نەبووە تەسلیمی ژێردەستی بێت

مەجید حەقی

لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ٢٧١٤ی کوردیدا هێزێکی پێشمەرگە لە ڕێگای باکووری کوردستانەوە بەرەو کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ پشتگیری و یارمەتی بە شەرڤانانی ڕۆژئاو لە بەرگری دژی گرووپی تێرۆریستانی داعش وەرێکەوتن.



پێشوازی بە میلیۆنی خەڵکی باکووری کوردستان لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان هەموو مێتۆلۆژی و ئەفسانەکانی مێژووی مرۆڤایەتیان لە پەیوەندی لەگەڵ پێشوازی لە قارەمانانی گەلیان زیندوو کردەوە. ڕاست لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیا پێشمەرگە چوونە باکووری کوردستان و بە میلیۆنان خەڵکی کوردستان لەو بەشەی کوردستاندا هاتنە سەر جادە و شەقام و کۆڵانەکان بۆ پێشوازی لە پێشمەرگەکان ئەو ڕۆژەیان کردە کارنەڤاڵی شادی و خۆشی جۆش و خرۆشی کوردەواری. مرۆڤ بە دیتنی دیمەنی پێشمەرگەکان و پێشوازی گەرم و بێ وێنەی خەڵک لە ڕۆڵەکانیان دەکەوتنە یادی سروودی "وا هاتن پێشمەرگێن مە".

لە مێژووی ٥٠٠ ساڵەی دوای دابەشبوونی کوردستان، گەلێک سەرهەڵدان و تەڤگەری جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە. لە هەموو سەرهەڵدانەکاندا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادی و سەربەستیدا ئامادەی فیداکردنی گیانی خۆیان بوون. بەڵام تەنیا دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەلاوێژی ١٣٢٤دا بوو کە هێزێک بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کورد و پاراستنی هێمنایەتی نەتەوایەتی دامەزرا و ئەو کەسانەی کە لەو هێزانەدا ڕێکدەخران ناویان نرا "پێشمەرگە". لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا کە ٧٠ ساڵە پێشمەرگە یان ئەوەی لە باکووری کوردستان گەریلای پێی دەوترێ بووەتە باسکی بەهێزی گەل بۆ خەباتی ڕزگاری خوازانە، پاراستنی دەستکەوتی نەتەوایەتی و ئازادی کوردستان و کەرامەتی مرۆڤی دانیشتوانی نیشتیمانی دابەشکراو.

پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگایەتی لە مێژووی کوردستاندا خاوەنی گرینگیەکی تایبەتە. خەباتی پێشمەرگەکان باندۆر و کاردانەوەیەکی قووڵی هەبووە لە سەر ڕێکخراوە سیاسییەکان، فەلسەفەی خەبات و خۆباوەڕی گەلی کورد بە هێزی خۆی.

ئەو هێزە چەکدارە کە لە پەیوەستبوونی خۆبەخشانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و ئازادیخوازان پێکهاتووە بە فیداکردنی گیانی

***خۆیان کە گەورەترین سەرمایەی ژیانی مرۆڤە لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا بوونەتە هۆی پێکهێنانی پەیوەندییەکانی خوێنی،***

***عاتفی، هەستی و کولتووری لە نێوان هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان، فەلسەفەی پێشمەرگە لە رێزی هەر رێکخراو و حیزبی سیاسی بێت، خاوەنی یەک ئامانجی هاوبەشە: رزگاری کوردستان.***

***پێشمەرگایەتی تەنیا بریتی نیە لە چەک هەڵگرتن و بەشداری کردن لە خەباتی چەکداری؛ لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا بە دەیان هەزار مرۆڤ بوونەتە پێشمەرگە، پەروەردەکراون و فێری شێوەی ژیانێکی نوێ بوونە لە سەر بناغەی فەلسەفەی خەباتکاری، ژیان دۆستی، ژینگەپارێزی، رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یاسامەندیەک کە پارێزەری کەرامەتی مرۆڤە.***

***بەو شێوەیە پێشمەرگە تەنیا خەباتکارێک نیە کە گیانی خۆی فیدای گەلەکەی دەکات، بەڵکوو پێشمەرگایەتی شێوازێکی ژیانە. ئەمرۆ لە ناو گەلی کورددا پێشمەرگانە ژیان بەواتای ژیانێکی سادە، بێ غەلوغەش و راستگۆیانە، پاک و دۆستانە و هومانیستی و مرۆڤ پەروەرانەیە.***

***پێشمەرگە و رەوتی خەباتی پێشمەرگایەتی بووەتە هۆی خوڵقاندنی زۆر دیاردە و پێڤاژووی نوێ لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. هەستی باوەڕبەخۆبوون لە ناو خەباتی خەڵکی کوردستان، شکاندنی سنوور و تابۆکانی دەست و پێگیری خێلەکی لە سەر بنەمای ئابووری عەشیرەیی سەدەکانی ناوەڕاست و خوڵقاندنی چاند و فەرهەنگێکی نوێ کە لەودا کچان و کوڕان پێکەوە لە پێناو کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان خەبات بکەن، لەو شۆرشانەن کە پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگایەتی لە کوردستانیان خوڵقاندووە.***

***پێشمەرگە عاشقی ئازادی و سەربەستی کوردستانە، بۆیە پێشمەرگە تۆوی ئەوین و خۆشەویستی وڵات و هەستی نیشتیمانپەروەری لە هەموو جێگایەکی کوردستان بە خوێنی خۆی چاندووە. کەم شوێنی کوردستان هەیە کە پێشمەرگەیەک تێیدا شەهید نەبووبێت. کەم گوند، تەپۆڵکە و بڵندایی کوردستان هەیە کە پێشمەرگەکان لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان خۆڕاگری و قارەمانەتیان نەنواندبێت.***

***هەر نەتەوەیەک بیهەوێ مێژووی کورد و کوردستان بزانێت دەبێ چیرۆکی قارەمانیەتی پێشمەرگەکان بخوێنێتەوە. پێشمەرگە لەو روانگەیەوە سەمبۆلی خۆڕاگری خەڵکی کوردستانە.***

***پێشمەرگە یەکەم هێزی چەکدرای رێکخراو بوو کە لە ژێر رێبەری و ئاڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خەباتی خۆی لە پێناو ئامانجێکی سیاسی و بەپێی بەرنامە و پێرەوێکی سیاسی و ئامانجداردا دەستی کرد بە خەباتی پاراستنی نەتەوایەتی.***

***لە رێگای خەباتی پێشمەرگەکانەوە بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە دژی ئاسیمیلاسیۆن، تواندنەوە و لەناوبردن و وێرانکردنی کوردستان بەرگری لە بوونی خۆی کردووە. جلوبەرگی پێشمەرگەکان لە هەموو سەردەمەکانی خەبات و بەرگری چەکدرایدا***

نموونەی هێزێکی بە پرەنسیب، خاوەنباوەڕ و ڕێکخراو بووە.

ئەمەش هاندەرێک بووە بۆ گەلی کورد بۆ خۆ ڕێکخستن و بڕوا بە هێزی خۆ بوون. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی مێژوو دامودەزگا سیاسی و ئیدارییەکانیان بە بەشێک لە دەوڵەتی ناوەندی زانیوە و خۆیان لێی دوور خستووەتەوە.

چونکە ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی دەوڵەتی بە مەبەستی ئاسیمیلاسیۆن و لەناوبردنی گەلی کورد دامەزرابوون. بەو پێیە دژایەتی کردن و پەیوەست نەبوون بە ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان مێتۆدێک بووە لە خەباتی مەدەنی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە و بەرگری چەکدارانەی پێشمەرگەکان لە ژێر ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، فەرهەنگی باوەڕبەخۆبوون و خۆ ڕێکخستن لە ناو خەڵکی کوردستاندا پەرەسی سەندووە.

فەلسەفەی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پاراستنی کیانی سیاسی خەڵکی کورد بوو. بنەمای خەباتی حیزبی دێموکرات بزاڤی مەدەنی و دێموکراتیکە بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە پێناو باشتر کردنی ڕەوشی گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو بەشەی کوردستان.

گەلێک لە ڕێبەرانی بزاڤی نەتەوایەتی کورد خەباتی خۆیان بە پێشمەرگایەتی دەست پێکردووە. ڕێبەری کورد دوکتور قاسملوو پێشمەرگەی سەردەمی خەباتی نهێنی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بووە، دوکتور شەرەفکەندی و زۆربەی هەرەزۆری ڕێبەرانی ئەمڕۆی حیزبی دێموکرات خەباتی خۆیان لە پێشمەرگایەتیەوە دەست پێکردووە.

بۆیە پێشمەرگایەتی قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەی ڕێبەرانی سیاسی و هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی بنەماکانی ژیانێکی شۆڕشگێڕانە و هومانیستی و مرۆڤپەروەرانەی دێموکرات.
گەلی کورد هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە پرسی کورد لە ڕێگای سیاسی و ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت، بۆیە ڕێبەرانی سیاسی نەتەوەی کورد لە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندیەوە بگرە هەتا ڕێبەرانی ئەمڕۆ بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری خەباتی بێ توندوتیژی و خەباتی مەدەنی، خەباتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانن بۆ گەیشتن بە مافەکانی مرۆڤی خۆیان.

پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بۆ پاراستنی بنەماکانی مرۆڤی خەڵکی کوردستان و ڕێگرتن لە تواندنەوە و لە ناوچوونی گەلی کورد دەستیان داوەتە چەکی بەرخودان و بە فیداکردنی گیانی خۆیان وڵات و نەتەوەی کورد دەپارێزن.
گەلێک هەڵبەستوان، شاعیر، نووسەر و گۆرانیبێژ پێشمەرگەیان کردووەتە سەمبولی ئاواز و هۆنراوە و نووسراوەکانی خۆیان. شوان پەروەر، ناسر ڕەزازی، گوڵستان پەروەر، نەجمەدین غوڵامی، عەدنان کەریم، مەرزیە ڕەزازی، عەیشەشان و دەیان هونەرمەندی دیکە سروودی پێشمەرگەیان کردۆتە وێردی سەر زمان.

# باسێک سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان،

ڕەشید حەیدەری



با بە پرسیارێکەوە بچینە نێو بابەکەوە:

بۆ ٢٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە؟

٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژێکە، کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکانی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەیە.

لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژەدا، ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە لە مێژووی زێڕینی خەباتی نەتەوایەتیی کورد، کراونەتە بنەما. بێجگە لەوە، هەر لەم ڕۆژەدا بووە، کە ئاڵای کوردستان، بۆ یەکەمجار لەلایەن حیزبی دێمۆکراتەوە هەڵکراوە و ئێستا بەفەرمی لەلایەن پەرلەمانی باشووری کوردستانەوە، وەک ڕۆژی ئاڵای نەتەوەیی دیاری کراوە. لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، کە دەکاتە (١٩٨٤ی زایینی)، واتە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، " حیزبی دێموکرات " بە مەبەستی ڕێزگرتن لە قارەمانێتی و لەخۆبوردووییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی "پێشمەرگە"ی کوردستان دیاری دەکا و لەو ڕێکەوتەوە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز دەبێتە ڕۆژێکی مێژوویی و هەموو ساڵێک، لەلایەن پێشمەرگە و هۆگرانی پێشمەرگەوە ئەو ڕۆژە جێژن دەگرن.

## پێشمەرگە کێیە؟

ناوی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستاندا دیاری کراوە و بووە بە ناوی ڕەسمیی چەکداری کورد. بە بیستنی وشەی پێشمەرگە، سیمای مرۆڤێکی چەکبەدەست، لەسەر پەردەی زەینی بیسەر، بیچم دەگرێت؛ مرۆڤێک کە ئامادەی بەرگریی ئازایانە لە خەڵک و خاکی کوردستانە. ئەم مرۆڤە فیداکار و خۆڕاگرە، بڕوایەکی قووڵی بە ئازادیی مرۆڤ هەیە؛ بڕوای بە ڕزگاربوون لە ژێردەستی هەیە. پێی وایە ئازادیی خاک و خەڵک، ئەوەندە گرینگە، کە بۆ بەدەستهێنانی، ئەگەر پێویست بێت، ئەوا ئامادەیە گیانی لەپێناودا بەخت بکات. بە بڕوای من، ئەمە ترۆپکی ئازایەتی و ئازادیخوازییە. چاوپۆشین و دەسهەڵگرتن لە ژیانی خۆت، بۆ ئەوەی خەڵکی تر بە ئازادی و لە بەختەوەریدا بژین، لووتکەی مرۆڤایەتییە و هەر لە مرۆڤێکی تێکۆشەری وەک پێشمەرگە دەوەشێتەوە. کەوابوو، پێشمەرگە، مرۆڤێکی بەبیروباوەڕە، کە گیانی لەسەر دەستی داناوە و ئامادەیە "ئاگایانە" لەپێناوی خاک و خەڵکدا بیبەخشێت.

بەڵام، لە بیرمان نەچێت، کە لە دەرەوەی ئەم پێناسەیە، ئاکتەر و ڕۆڵگێڕی دیکەیش هەن، کە پڕاوپڕ پەسنی پێشمەرگە دەیانگرێتەوە:

دایکێک، کە بە لای لایە، منداڵەکەی دەلاوێنێتەوە، یان چیرۆک و بەسەرهاتی پڕ لە خەم و ئازاری نەتەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و هەست و بیری کوردایەتیی، هەر لە سەرەتاوە بۆ دەگوازێتەوە و وەک کورد باری دەهێنێ، پێوەندییەکی قووڵ و هەتاهەتایی لە نێوان منداڵ و ناسنامەی نەتەوەیی منداڵدا ساز دەکا، ئەو دایکە، کە ئەو ئەرکە پیرۆزە جێبەجێ دەکات، بێگومان پێشمەرگەیە.

ئەو زیندانییە سیاسییەی، بەهۆی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بندەستەکەی، لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە زیندانی کراوە، لە هەموو مافێک بێبەش کراوە، ڕۆژانە بەردەوام و بێبەزەییانە ئەشکەنجە دەکرێت و ئازار دەچێژێت، پێشمەرگەیە.

ئەو مامۆستایەی، لە ناوخۆی وڵات، لەسەر ئەرکی خۆی، یان لەسەر ئەرکی خۆی و قوتابی، قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و زمانی کوردی فێری قوتابی و فێرخوازی کورد دەکات، پێشمەرگەیە.

ئەو باوک و دایکانەی، لەو پەڕی بەرپرسیارێتیدا، مامەڵە لەگەڵ ژیانی پڕ لە کوێرەوەریی خۆیان دەکەن؛ ئامادەن تاڵی و سوێری بچێژن، لەگەڵ کەموکووڕی و نەبوونییەکانی ژیان دەست و پەنجە نەرم بکەن و بسووتێن و بسازێن، بەڵام ئامادە نین، بۆ خۆیان، یان کوڕەکانیان، چەکی ڕێژیمە داگیرکەرەکان هەڵبگرن و بە گژی پێشمەرگە و پرسی نەتەوەیی کورددا بچنەوە، پێناسەی پێشمەرگە دەیانگرێتەوە.

بەکورتی، هەر کوردێک، بە هەر شێوەیەک و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی بکرێت، خزمەت بە دۆزی نەتەوایەتیی کورد بکات، با بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەشی لەبەردا نەبێت، بێگومان بە پێشمەرگە لە قەڵەم دەدرێت و هەڵوێست و هەنگاوەکانی جێگای ڕێز و پێزانینن.

## جیاوازیی پێشمەرگە و سپای وڵاتانی ناوچە

پێشمەرگە لەگەڵ هێزی چەکداری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان گەلێک جیاوازیی هەیە:

. بە پێچەوانەی سەربازی، کە ئیجباری و زۆرەملییە، پێشمەرگایەتی ئیختیارییە. سەرباز ڕەشبگیر دەکرێت و دەبرێتە سەربازی. ئەگەر بەختی هەبێ و وەبەری ڕەشبگیریش نەکەوێت، ئەوا لەبەر ئەوەی سەربازیی نەکردووە، لە هەموو مەزایایەکی ژیان لە وڵاتدا مەحرووم و بێبەش دەکرێت. بەڵام پێشمەرگە بە بیرکردنەوە و بە بڕیاری خۆی و ئارەزوومەندانە ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرێ و، لە گرتنەبەری ئەو ڕێگایەدا، دەستی زۆری کەسی بە سەرەوە نییە.

. هەروەها، لەنێوان خەڵک و پێشمەرگەدا پێوەندییەکی قووڵ و بتەو هەیە. هێزی پێشمەرگە پشتی بە خەڵک قایمە. لە نێو خەڵکدا هەڵقوڵیوە، بۆ خەڵک خەبات دەکا و هەر لەلایەن خەڵکیشەوە نیاز و پێداویستییە ماددییەکانی خۆی دابین دەکات. پێشمەرگە، بە پێچەوانەی ئەرتەشەکانی ناوچە، گرێدراوی خەڵکە و مەودایەک لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکدا نابینرێت. لە حاڵێکدا،

ئەرتەشی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، گورزی دەستی دەسەڵاتدارانی ناوەندین و نەک بۆ بەرژەوەندیی گشتی، بەڵکوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاری دێنن و تا بێژی، لە خەڵکەوە دوورن.

### زەروورەتی هەبوونی پێشمەرگە

وەک دەزانین، ماف نادرێت، دەستێندرێت. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە، کە نەتەوە بندەستەکان لەگەڵی بەرەوڕوون. لە کۆمەڵگەیەکدا، کە زۆرداران دەسەڵاتیان بە دەستەوە بێت، ناکرێ چاوەڕێ بین بە مەیلی خۆیان مافی نەتەوە ژێردەستەکان دابین بکەن. بەتایبەت ئەوە کە کوردستان گرینگییەکی تایبەتیی بۆ داگیرکەران هەیە:

* کوردستان خاوەنی سەرچاوەیەکی بەئاسانی لەبننەهاتووی وزەیە.
* کوردستان خاوەنی "ئاو"ە، کە لە دوارۆژدا، دوور نییە جێی گرینگیی نەوتی ئەمڕۆ بگرێتەوە.
* کوردستان خاوەنی کانگەی زێڕە، کە ئەگەر بۆ خۆی بێت، وڵاتەکەی بەتەواوی ئاوەدان دەکاتەوە.
* کوردستان خاوەنی "هێزی میلیۆنیی کار"ە، هێزێک کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا، سەرمایەیەکی زۆری بۆ خەرج دەکرێت و زۆر جار دەوڵەتەکان ناچار دەبن ئەم هێزە، واتە هێزی کار، بە هەزینەیەکی قورس، لە وڵاتانی ترەوە بهێنن.
* گرینگتر لەوانەش، بۆ دابەزاندنی دیمۆکراسی لە نێو گەلانی ناوچەکەدا، کورد لە هەموویان ئامادەیی زیاترە.

بە گەیشتنی کورد بە مافەکانی، داگیرکەران هێزی میلیۆنی و هەرزانی کار و، سەرچاوەکانی وزە و ئاوی کوردستانیان لە کیس دەچێت. گرینگتر لەوە، باڵۆنی فوودراوی شارستانییەتی پڕ لە درۆیان کونی تێ دەبێ و لووتبەرزییان بەرەوی نامێنێ. گەلانێک باس لە شکۆمەندیی مێژوویی و بەرزیی شارستانییەت دەکەن، کە بەدرێژایی مێژوو گەلانی دیکەیان نەکردبێتە کۆیلە و ژێردەستەی خۆیان و مەزنایەتیی خۆیان بە بچووککردنەوەی ئەوان مسۆگەر نەکردبێت و لەسەر درێژەدان بەو سیاسەتە هەروا سوور نەبن.

لەلایەکی ترەوە، دەسەڵاتی ئەوان لە پێشێلکردنی مافی ئینسانەکانی ترەوە سەرچاوە دەگرێت. گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان، یەکسانە لەگەڵ لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆیان و ئەمەش کارێکە کە ئەوان قەت ئامادە نابن بە دڵخوازی خۆیان ئەنجامی بدەن. ئەمە زەروورەتی لە مەیداندا بوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کورد، زیاتر دەسەلمێنێت. هەم بۆ ئەستاندنی ماف و ئازادییەکانی کورد و هەمیش بۆ پاراستن و بۆ بەرگری لێ کردنیان.

### خاڵە بەهێز و لاوازەکان:

پێشمەرگە بڕبڕەی پشتی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردستانە. ئەگەر پێشمەرگە لەو جووڵانەوەیە بستێندرێتەوە، ئەوا توانایی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نابێت. بە بارێکی تریشدا، ئەگەر جووڵانەوە بەهێز بێت، ئەوا پێشمەرگەش بەهێز دەبێت.

پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم، زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵی لاواز و بەهێزی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بکەم، کە پشتی بە هێزی پێشمەرگە بەستووە:

## خاڵە بەهێزەکان:

دەکرێ گرینگترین خاڵە بەهێزەکانی جووڵانەوەی کورد، کە وەک گوترا، پشتئەستوور بە هێزی پێشمەرگەیە، لە سێ خاڵدا کۆ بکەینەوە:

* یەکەم ئەوەیە کە ئەم جووڵانەوەیە خاوەنی حیزب و ڕێکخراوی مودێڕن و سەردەمیانە لە کوردستاندایە و لەو ڕێگایەوە، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد لە ڕیزەکانی خۆیاندا ڕێک دەخەن و جێیان دەکەنەوە.

* دووەم خاڵی بەهێزی جووڵانەوەی ڕەوای کورد ئەوەیە کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە. هێزێک کە دەتوانێ لەهەمبەر هێرشی سەرکوتکەرانە و دڕندانەی ڕێژیمەکانی ناوەندیدا بوەستێت و بەرەنگاری لە کورد و کوردستان بکات.

* خاڵی سێیەم، ئامانجی سەرەکیی جووڵانەوەکەیە، کە لە پرسی نەتەوایەتیدا کورت کراوەتەوە و لە چەقی خەباتی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکاندا جێی گرتووە، کە لە خودموختاری یان ئۆتۆنۆمیی جاران و فیدراڵی و سەربەخۆییخوازیی ئەمڕۆدا خۆی دەردەخات.

## ... وە بەڵام خاڵە لاوازەکان:

خاڵە لاوازەکان دوو بەشن. بەشێکیان لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی کورد خۆی هاتوونەتە ئاراوە. بەڵام بەشێکیان کورد بۆ خۆی خوڵقاندوونی. کاتێک خاکی کوردستان، لە ساڵی ١٥١٤، لەنێوان ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەویدا دەبێت بە دوو بەش، دواتر، دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیش، ئەو بەشەی ژێر دەسەڵاتی ئەوان، دابەش دەکرێتەوە، ئەوەی لەو دابەشکردنانەدا، گوێی بۆ ڕانەگیرا و پرسی پێ نەکرا، کورد بوو.

بەڵام ئەگەر پارچەکردنی کوردستان لە دەرەوەی ویست و ڕەزامەندیی کورد جێبەجێ کراوە، بەشێک لە جیاوازییە نەخوازراوەکان، کورد بۆ خۆی هۆکاری سەرهەڵدانیانە. بۆ نموونە با ئاوڕ لە چەند دانەیەکیان بدەینەوە:

## ڕۆژی پێشمەرگە:

ئەگەرچی حیزبی دێموکرات ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردووە، بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم ڕێکەوتە مێژووییە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە کۆماری کوردستانەوە هەیە، لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەوە پەسند نەکراوە. حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان، یان هەر ڕۆژێکیان بەو ناوەوە نییە، یان خود ڕۆژێک، جیا لەو ڕۆژەیان بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە

دیاری کرووە. پێشمەرگە چەمکێکی گشتگیرە و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی تاقە نەتەوەیەک، کە ناوی نەتەوەی کوردە، خەبات دەکات. هەر بۆیە بەجێ دەبێت، لە یەک ڕۆژی دیاریکراودا، یادی بکرێتەوە و ڕێز لە فیداکاری و بەرخۆدانەکانی بگیرێت، بەمەش یەکێک لە جیاوازییە نەخوازراوەکان نامێنێت.

## ناوی پێشمەرگە:

ناوی پێشمەرگە، ڕاست وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە و تەنانەت خودی پێشمەرگە، دابەش کراوە. لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناوی پێشمەرگەیە، کەچی لە باکوور و ڕۆژاوا، بە گەریلا ناودێر کراوە. کام لەو دوو چەمکە لەبارتر و گونجاوتر دێنە بەرچاو، ڕوونە. لە باری مێژووییەوە سەیری بکەین، ئەوا بێگومان پێشمەرگە لە گەریلا کۆنترە. یانی پێشمەرگە بەرلە گەریلا کەوتە نێو دەقی نووسراوی کوردی و زمانی ئاخاوتنی خەڵکەوە. لە ڕووی زمانەوانیشەوە هەڵیسەنگێنین، ئەوا دیارە کە پێشمەرگە وشەیەکی خۆماڵیی کوردییە و بەری داری زمانی کوردییە. بەڵام گەریلا، کە بە واتای "شەڕی بچووک" دێت، لە بنەڕەتدا وشەیەکی سپانیاییە.

## ئاڵای نەتەوەیی:

ئاڵا هێمای نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکە. هێما و ڕەمزی یەکگرتوویی تاکەکانی نەتەوەیە. هەموو تاکێکی نەتەوە ئاڵای نەتەوەیی نەتەوەکەیان بە هی خۆیان دەزانن. هەرچەند کورد لە باشوور، لە ڕێگای دامەزراوەیەکی قانوونییەوە، کە پارلەمانە، ئاڵای ڕەنگینی کوردستانی پەسند کردووە و جگە لە باشوور، لە ڕۆژهەڵاتیش بەفەرمی ناسراوە، کە چی بەداخەوە لەلایەن بەشێک لە کورد، لە باکوور و ڕۆژاوا، بەڕەسمی دانی پێدا نانرێت و بە ئاڵای خۆیانی نازانن. ئەمەش خاڵێکی لاوازە، لەمپەرێکە، کە بەداخەوە ناکۆکی و دابڕانی پێوە دیارە.

## زمان:

ئێمە تاکە نەتەوەین، بەکردەوە، سێ "ئەلفبێ"ی لێکجیاواز بۆ نووسینی زمانەکەمان بەکار دەهێنین، کە بریتین لە ئەلفبێی ئارامی (عەرەبی)، ئەلفبێی کیریلی و ئەلفوبێی لاتینی. بێجگە لەمانە، ئەلفبێیەکی دیکە، بەکار دەهێنرێت، کە لاتینییە و بە ئەلفبێی یەکگرتوو دەناسرێت. ئەو هەموو ئەلفبێیە، بۆ تاقە زمانێک، لێک بێگانە کردنەوەی خوێنەرانی کورد و لە ڕیشە هەڵکێشانی زمانەکە نەبێت، ناوێکی تری لەسەر دانانرێت.

هەر چۆنێک بێت، ئەوە بەشێک لەو جیاوازییانەن، کە ئەمڕۆ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵن، کە بێگومان ئەرکی نەهێشتنیان دەکەوێتە ئەستۆی حیزب و ڕێکخراوە بەرپرسیارەکانی کوردستان. هەبوونی جیاوازییە نەخوازراوەکان و زەقکردنەوەیان، بە زیانی کورد دەشکێتەوە. با حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، لەباتیی زەقکردنەوەیان، وێکڕا هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن.

ئێمە تا کەی خاوەنی ئاڵای نەتەوەیی نەبین؟ وەک هەموو نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم زەوییە.

تا کەی خاوەنی ڕۆژێکی نەتەوەیی بۆ کورد نەبین؟ وەک نەتەوەکانی تری جیهان؟

تا کەی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژێکی هاوبەش بێبەش بێت؟

تا کەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشمەرگە و گەریلا و شەڕوان و هتد بێت و یەکناو نەکرێتەوە؟ هاوڕێیان! لەم سەردەمەدا، زیاتر لە هەر شتێک، کورد پێویستی بە وشیاریی نەتەوەیی هەیە. بۆ ئەوەی بەو وشیارییە بگات، پێویستی بە هێزێکە بڕوای بە گۆڕان هەبێت. وە بۆ ئەوەی گۆڕان پێک بێت، دەبێ "جووڵە" هەبێت. ئەوە کە ئایا، ئێمە وەک کورد، ئەو جووڵە پێویستەمان کە بمانگەیەنێتە ئامانجەکانمان، هەیە یان نا؟ پرسیارێکە وەڵامەکەی بۆ ئێوە دەهێڵمەوە.

ئالبرت ئەینشتەین دەڵێت: "ژیان وەک سواربوونی پاسکیل وایە. بۆ ئەوەی هاوسەنگیی خۆت بپارێزی و نەکەوی، دەبێ لە لێخوڕین بەردەوام بیت و نەوەستیت."

لە کۆتاییدا، جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم و هیوادارم ڕۆژێک بێت، پێشمەرگەی کوردستان، لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا و لە ژێر ئاڵای یەکگرتووی کوردستاندا، شانازییەکانی خۆی جێژن بگرێت.

ئیتر هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٤

# پێشمەرگەکانی دوێنێ و پێشەنگەکانی ئەمڕۆ و کەلتووری زێڕین

د.عوسمان یاسین



هەر لە گەڵ یەکەم ساتی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی دژی دەوڵەتی تیرۆریستان، پێشمەرگەکانی دوێنێی کوردستان، هەڵوێستی جوامێرانەی خۆیان دووپاتکردەوە و، ئامادەباشی خۆیان لە بەشداریکردن لەو شەڕەدا ڕاگەیاند. پۆل پۆل پێشمەرگەکانی ئەیلول و پێشمەرگە دێرینەکان، بۆ ئەو مەبەستە خۆیان ناونووس کرد و، دواتر چوونە سەنگەرەکان و، قارەمانانە شان بە شانی گەنجان و لاوانی کوردستان جەنگان. ئێستاش بە بەردەوامی دەجەنگێن و، چەندین شەهید یان زامداریان داوە. ( لە پەروەردگار دەپاڕێینەوە لەو شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان خۆشبێت و بە بەهشتی خۆی شادیان بکات و شیفای زامدارەکانیش بدات).

سەرەڕای نالەباری باری ئابووری، هەندێک لەو پێشمەرگە گیانفیداکارانە، لەوانەیە لە بەر بارودۆخی جیاجیا هەندێکیان تا ڕادەیەک هەستیان بە پەراوێزخراوی کردبێت و، تووشی جۆرێک لە ڕەشبینی و نائومێدی بووبن لە ژیانیاندا کە، وەکو پێویست ڕێز لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیان نەگیرابێت. ئەمەش ڕەخنەیەکە و لێرەدا دەبێت دووپات بکرێتەوە لە بەرپرسان و، بۆ زیاتر گرنگیدان بەو گیانفیداکارنە و فەرامۆش نەکردنیان، بەڵام ئەوەی کە گیانفیداکاری ئەو پێشمەرگانەی سەلماندووە، وەلانانی ئەم کەموکورتیانەیە و هاتنە پێشەوە و ئامادەباشییانە بۆ شەڕی دەستە و یەخە لە ساتێکی زۆر دژواری وادا کە، کەسانێکی چاو لە بەرژەوەندی تەسک و مشەخۆر بە بڕوبیانووی جۆراوجۆر خۆیانی لێ دەدزییەوە و هەرگیز ئامادە نەبوونە بەشداری بکەن لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا.

ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ، هەموو جیاوازی بیر و بۆچوون و کەموکوڕییەکان بەلاوە دەنێن و، ئەمڕۆ لە کاتی پێویست و تەنگانەدا هەرگیز ڕێگا بە خۆیان نادەن بێ دەنگ بن، لەوەی کە دوژمنانی کوردستان هەڕەشەی مان ونەمان لەگەڵەکەمان بکەن، بەڵکو دلێرانە هاتنە پێشەوە. ئێستاش لە سەنگەرەکاندا گڕوتینی سەرەکی خۆڕاگری و سەرکەوتنەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانن. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک:

لە پێش هەموویانەوە ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ خاوەن بیر و باوەڕێکی پاک و بێگەردی کوردایەتی و نشتیمانپەروەرین. بەداخەوە ئەم هە ستە نەتەوایەتییە پاکە، لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن لاوان و گەنجانی کوردستان خەریکە بەرەو کز و لاوازی دەچێت، چونکە لە بەرامەبەر هەڕەشەی جیهانگیریدا لای بەشێک لە گەنجان و لاوانی کوردستان هەستی نشتیمانپەروەری و کوردایەتی بە هەڵدێرێکی سەختدا دەگوزەرێت. ئەگەرچی هەر ئەم هەستە نەتەوایەتییەیە ئەمڕۆکە زۆربەی گەنجان و لاوانی کوردستان هان دەدات و، گڕوتینی وڵاتپارێزی لە ناخیاندا دەڕوێنێت. وایان لێدەکات هەر ئەمڕۆکە لە بەرەکانی شەڕدا شانبەشان و لەژێر

سەرپەرشتی و سەرکردایەتیکردنی پێشمەرگەکانی دوێنێ بجەنگن. ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ خاوەن چەکێکی کاریگەر و دانسقەن لە ڕووی بیر و باوەڕەوە، هەر بەم چەکەی بیروباوەڕەوە لە ڕۆژانی سەختدا بەرامبەر دوژمنە بەهێزەکانیان لە ڕووی چەک و تفاقەوە لە حکوومەتە داپلۆسێنەرە یەک لە دوایەکەکانی عێراق وەستان، کە دواییینیان حکوومەتە فاشیستەکەی بەعس بوو کە، بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵان ئەو پێشمەرگە قارەمانانە لە دژیدا جەنگان. زۆر دڕندانە ئەو ڕژێمە، قورسترین چەکیان بەکار دەهێنا، کە مەترسیترینیان چەکی کیمیاوی بوو. لەگەل ئەوەشدا ئەو چەکە کوشندانە، نەیانتوانی چۆک بە پێشمەرگەدابدەن. ئەویش بە هۆی بەرهەڵستکاری پێشمەرگە، بە هێز و گیانی پۆڵاینی بیر و باوەڕی نشتیمانپەروەری و کوردایەتییەوە کە، زۆر لە چەکە کوشندەکانی دوژمنان بە هێزتر بوو.

لەلایەکی دیکەوە ئەم پێشمەرگانەی دوێنێ، خاوەن وره و ئازایەتی و ئەزموونێکی فراوانن لە شەڕکردن و خاوەن توانایەکی پۆڵایینن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوژمنانەی، خاوەن تۆپ و فڕۆکە و چەک و جبەخانەی قەبەی سەربازی بوون. هەمیشە تەرازووی هێز و بوونی چەکەکانی شەڕکردن بەلای ئەو دوژمنانەدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جاران پێشمەرگە قارەمانەکان بە درێژایی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان مژدەی سەرکەوتنەکانیان بە گوێچکەی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان داوە. جارجارەش پێشمەرگە تووشی شکست بوونایە، بەڵام هەرگیز شکستەکان چۆکیان بەوان دانەدەدا، بەڵکو شکستەکان دەبوونە هۆکاریک بۆ بە خۆداچوونەوە لە ڕووی تاکتیک و شێوازی شەڕەوە. ئەو ڕۆژانە خەبات و شەڕی پێشمەرگایەتی بە چەک وتفاقی سادەوە بوو، بەڵام بیر و باوەڕیان پۆڵایین بوو. ئەو باوەڕە وێستگەیەکی مەزن بووە، بۆ کەڵەکەبوونی ئەزموون و تەکتیک و شێوازی شەڕکردنی جۆراوجۆر کە، ئەمڕۆکە ئەم پێشمەرگانە سوود لەو ئەزموونانە وەردەگرن و، بەهۆیانەوە دەبنە پێشەنگەکانی ئەمڕۆ لە سەنگەرەکانی شەڕی دژی دەوڵەتی تیرۆریستان.

ئەوەی جێگای سەرنجە و لە هەمان کاتیشدا جێگای دڵخۆشی هەموومانە لەو هەڵوێستەی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەدا ئەوەیە، دەبینین پۆلێک لەو پێشمەرگە گیانفیداکارنە پلە و پایەی سەرکردایەتیان هەیە لە پارتەکانی کوردستان و پۆستی باڵایان هەیە لە حکوومەتی هەرێم هەر لە سەرۆک و سکرتێری پارت تا دەگاتە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ، ئەمڕۆکە پێشەنگن لە سەنگەرەکانی شەڕ و لە پێش هەموویانەوە، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێم، سەرۆک مسعود بارزانی، ڕابەرایەتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی گرتۆتە ئەستۆ و، سکرتێری پارتی سۆسیالیستی کوردستان، محەمەدی حاجی مەحموود، بەرپەسیاریەتی سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکانی کەرکووکی دڵی کوردستان دەگرێتە ئەستۆ. چەندین قارەمانی دیکە و چەندین ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کادیرانی پێشکەوتووی ناو پارتەکانی کوردستان بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی شەڕەکان و بەرپرسیاریەتی میحوەرەکانی شەڕ دەگرنە ئەستۆ.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ بکەینەوە کە، لەمبارەیەوە لە لایەن هەندێ ڕۆژنامەنووسانەوە دەخرێنە ڕوو ( )، کە لەبەر چی لە جیاتی کەسانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب دەبنە بەرپرسیاری میحوەرەکانی شەڕ؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە لە ڕووی دامەزراوەییەوە جێگای خۆی بێت، بەڵام لە ڕووی واقعی کوردستانەوە وەک پرسیارێکی نادروست خۆی دەنوێنێ. ئەمەش لە بەر هۆیەکی سەرەکی:

تاکو ئێستاکە سەرەڕای بوونی هەوڵ و کۆششی هەمیشەیی بۆ بە دامەزراوەکردنی کوردستان، بەڵام شەرعیەتی شۆڕشگێڕی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان داینەمۆی ژیانی سیاسی کوردستانە. ئەمەش بەو مانایە نا کە، شەرعیەتی دامەزراوەیی لاواز کردووە، بەڵکو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان ئەوەی سەلماندووە، گەلانی ڕزگاریخواز تا دەگەنە سەربەخۆیی یەکجارەکی و دەبنە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ، هەمیشە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی بەڕێوەیان دەبات. ئەم شەرعیەتە، بزوێنەری خەباتی گەلانە بۆ ئازادی و ڕزگاری، تا دەگەنە کەناری ئارام و سەقامگیر و دور لە ستەمکاری نەتەوایەتی. جا لەبەر ئەوەشە دەبینین ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی دوێنێ، ئەمڕۆ بوونەتە پێشەنگ لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو پاراستنی سنوورێکی بەرفرەوانی کوردستان لەو ناحەزانەی، مەترسییەکی جیهانین و دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا لە گەلیدا دەجەنگێن.

دیسان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بیرِ و باوەڕە کە وای لەو پێشمەرگە سەرکردانەی دوێنێ کردووە، بە هەمان گڕوتینی قارەمانانەی دوێنێ هاتوونەتەوە مەیدان و دلێرانە دەجەنگێن. ئەو بیر و باوەڕ بۆتە قەڵغانی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان. گوزەرانی ژیانی ئەمدوایانەی ئەو پێشمەرگە سەرکردانە نەبۆتە هۆی کزی و لاوازی ئەو بیر و باوەڕ پۆڵاینەی کوردایەتی کە، دەبێت هەمیشە شانازی پێوە بکەین و بە هێمای کەلتووری زێڕینی کوردستانی دابنێین. لە بەر چاوی گەنجان و لاوانی کوردستان بەرزی بەهای ئەو کەلتوورە ون نەکەین. بەڵکو هەمیشە لە هەوڵ و کۆششی ئەوە دابین، بەرزی بەهای ئەو کەلتوورە زێڕینە وەکو وزەیەکی بەتینی خەباتی خۆڕاگریی و بەرهەڵستکاری لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بۆ گەنجان و لاوان زیاتر ڕوون بکەینەوە. چونکە ئەو کەلتوورە هێزی بەردەوامی ژیان و گەشەکردنی کوردستانە لە زۆربەی بوارەکاندا .

ئەو گەشەکردنەی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایدا، سەرەڕای بوونی چەندان کۆسپ و تەگەرە، نیشانەی ئەوەیە، هەوێنی ئەم کەلتوورە زێڕینەیە خزاوەتە ناو بیر و باوەڕی کەسانی دڵسۆزی کوردستان کە شەو و ڕۆژ بەردەوامن لە کۆڵنەدان و زاڵبوون بە سەر بەربەستەکان لە ڕێگای پەرەسەندنی کوردستان.

نهێنی سەرکەوتن و پەرەسەندنی کوردستان سەرەڕای بوونی چەندان کێشە و بەربەست لەو کلتوورە زێڕینەیە کە کەسانی پسپۆڕ لەو بوارەدا درکی پێدەکەن. بۆ باشتر و زیاتر بەرەنگاربوونەوەی تەگەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بەردەوامی پاراستن و پەرپێدانی هەنگاونان بۆ سەربەخۆی تەواوی کوردستان، زیاتر لە هەوڵی ئەوە دابین، ئەو کەلتوورە زێڕینە گیانفیداکارییە پەرە پێ بدەین لە بوارەکانی سەربازی و پێشمەرگایەتی و بوارەکانی کارگێڕی و پەروەردەیی و ئابووری و زانستی تەکنۆلۆجیا، تا دوایی بە

بەردەوامی تەوزیفی بکەین. بۆ ئەوەی باشتر و بە شێوەیەکی سەردەمیانە بە کەلتوورێکی خۆماڵیانە بەرەنگاری ئەو نەخۆشیانە ببینەوە کە تووشی دەوڵەتداری سەردەم دەبنەوە، لە پێش هەموویانەوە گەندەڵی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری .

پێویستە هەمیشە گەنجانی کوردستان و نەوەکانی دواڕۆژ بەو کەلتوورە زێڕینە ئاشنا بکەین. کلیلی سەرەکی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە ئەو بیر و باوەڕیە ناهێڵێن هەرگیز لە بەردەم بەهێزتین دوژمن و گەورەترین کۆسپ و تەگەرەکاندا چۆک دابدەین و، بە بەردەوامی مژدەی سەرکەوتن ڕادەگەیەنن. هەر گڕوتینی ئەو کەلتوورەیە ئازایەتی و جەربەزەیی بە پێشمەرگەکانی کوردستان

بەخشیوە، ئەمرۆکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا لە کۆبانی شانبەشانی شەرڤانان لە دژی دوژمنانی کورد و کوردستان بجەنگێن. هەر ئەم کەلتووورە زێڕینەیە گرۆتین بە گەریلا و شەرڤانان دەدا لە پارچەکانی دیکەی کوردستان شەڕی مان و نەمان بکەن. لەبەر ئەوەی مێژووی هاوچارەنووسی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان، سەرجەم خەباتگێڕانی کوردستانی کردۆتە خاوەن کەلتوورێکی زێڕین.

هەر ئەم کەلتووورە زێڕینەیە کە درِ بە شەوەزەنگی تاریکی شۆڤینیستان دەدات، کە جار و بار بە دەمامکی ئایینی و هەندێجاریش بە دەمامکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی خۆیان دەنوێنن کە، نموونەی بەرچاوی یەکەم گروپی تیرۆرستی داعشە و نموونەی زەقی دووەم، وڕێنە سەرشێتانەکەی شاعیری عێراقچی و عەرەبی سەعدی یووسفە، کە ڕۆحی بەهەشتی جەواهیری ئەمڕۆکە نەفرەتی لێ دەکات. کاتێک تەسکبینی نەتەوایەتی وایلێدەکات چاوی بە کوردستان هەڵنەیەت کە، زمانی نەتەوایەتی خۆی بەکاردەهێنێ و، بە مەیموونستان ناوی بهێنێت.

بەڵێ ئەوە ئەو کەلتووورە زێڕینەیە، کەلتووری گیانفیداکاری و بیروباوەڕی پۆڵایینی ئازادی و سەربەخۆیی و بەرهەڵستکاری ستەم و ستەمکاری کە، دەبێت هەمیشە پارێزگاری لێبکەین و نەوەکانمانی پێ پەروەردە بکەین. هەمیشە وریای ئەوە بین، دەسەڵاتپاوانی و دەسەڵاتخوازی و بەرژەوەندی تەسکی چینایەتی درز نەخاتە شکۆمەندی و بەهابەرزی ئەو کەلتووورە زێڕینە. ئەو کەلتووورە زێڕینە کە پێشمەرگەکانی دوێنێی کردۆتە پێشەنگەکانی ئەمڕۆ کە لە بەرەکانی شەڕدا دژی دەوڵەتی بە ناو ئیسلام، دەوڵەتی تیرۆریستان دەجەنگن.

*سەرچاوە : ماڵپەڕی پۆست کوردستان / ڕێکەوتی : ١٦ای دێسامبری ٢٠١٤*

# پێشمەرگە وەک ئینسان

هیدایەت مەلا عەلی

هێرشەکانی (داعش) و پەلامارەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چەندین دەرهاویشتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو دەرهاویشتانە نەیانتوانیوە وەک ناوی (پێشمەرگە) کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دابنێت.



ناوی (پێشمەرگە) لەم قۆناغە ئاڵۆز وهەستیارەی ژیانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستاندا هەڵکشانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، تەنانەت ئەوانەشی کە پێشتر بە (میلیشیایان) ناودەبرد، ئێستا پەلە پەل کەوتونەتە خۆیان بۆ ئەوەی لە کاروان دوانەکەون و هاوکێشەکە یەکسان بکەنەوە.

ئەو حەقیقەتەی کە ناوی (پێشمەرگەی) کردۆتە کارەکتەرێکی زیندوو، ئەو هۆکارانەی پێناسە و مەودای ناوی (پێشمەرگەی) فراوانتر کردوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرگری و ئەو گیانبازیەوە هەیە کە (پێشمەرگە) لەشەڕی دژی (داعش)دا بەرجەستەی کردووە.

ڕۆژانە چەندین خوێندنەوە بۆ ئەرکی تازە و چەکی تازەی دەستی (پێشمەرگە) دەکرێت، بەردەوام گوێمان لە باسی پشتیوانی دەوڵەتان و سوپاکان دەبێت بۆ (پێشمەرگە)، تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لێوان لێون لە شیعر و سرود و گۆرانی و چیرۆک بۆ (پێشمەرگە).

بەڵام لە پانتای ئەو جوگرافیایەی کە ناوی (پێشمەرگە) داگیری کردوە، بەقوڵی هێڵە سەرەکیەکانی پڕ نسیبە ئینسانەکان فەرامۆش کراون، بەگرنگ سەیر نەکردنی ژیان و بەزیندووی مانەوەی (پێشمەرگە)، فۆرم و شکڵی بەشی زۆری ئەو پیاهەڵدان و ناو هێنانەکانی (پێشمەرگەی) دیاریکردوە کە ڕۆژانە ئاراستەیان دەکرێت.

بەکار هێنانی دەیان دەستەواژەی وەک (پیاوەتی، قارەمانیەتی، بە غیرەت، حیساب بۆ دوژمن ناکات، کون لە جەرگا نەبوو، دۆستی مەرگ، سوار چاکی پێشی پێشەوە) و هتد..... ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر پێناسە ئینسانیەکان و هەوڵەکانی (پێشمەرگە) هەیە بۆ خۆپاراستن و بەگرنگ سەیرکردنی ژیانیان، وەک ئینسانێک و تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگا.

ڕەنگدانەوەی ئەم دەستەواژانە کە بەرئەنجامی لێکدانەوە و پێوەرەکانی کۆمەڵگایەکی نێرسالار و ئاودراوە بە دەمارگیری

پیاوەتی و ئەخلاقی، لەسەر خۆپاراستنی (پێشمەرگە)، سەیر کردنیان پێش هەر شتێک وەک ئینسان، مافی ژیان و مانەوەی (پێشمەرگەی) وەک تاکێک خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بە چاوپۆشی لە ئەرک و ئەو سیفەتەکانی کە (پێشمەرگە) خۆی هەڵگریەتی.

بەهۆی فراوانبوون و ئاسانبوونی تۆمارکردنی گرتەی ڤیدیۆی، بەشێکی زۆرمان ڕووداوەکانی بەرەکانی شەڕ بەشێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی دەبینین، ئەوەی سەرنج ڕاکێش و جێگای خوێندنەوە و هەڵوێستە لەسەر کردنە، کاریگەریە نێگەتیڤەکانی دەستەواژەکانە بەسەر هەڵسوکەت و هەنگاوەکانی (پێشمەرگەوە) لەبەرەکانی شەڕ، ئەو هەڵسوکەوت و هەنگاوانەی (پێشمەرگە) دەخاتە دەرەوەی ئەو هاوکێشەیەی، کە دەبێت (پێشمەرگە) بە پەنا شەڕ و بەرگریکردنەوە، وەک (ئینسان) مافی خۆ پاراستنی هەبێت.

لەم ماوەیەدا سێ گرتەی ڤیدیۆی زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، ئەم گرتانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە بۆتە جێگای قسە و باسی ئەم وتارە، بەداخەوە دوو لە گرتە ڤیدیۆیەکان لە دوای (گیانبەخشینی) دوو (پێشمەرگە)کە خۆیان نمایش کران، گرتەی سێهەمیش چەند ڕۆژێکە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە نمایش دەکرێت، (پێشمەرگەیەک) خەریکی هەڵگرتنەوەی بۆمب و لوغمی چێنراوە، بۆمبەکان لە مەنجەڵی چێشت دروست کردندا هەڵبەسراوان.

گرتەی یەکەم و دووەم ، قسە و باسی ئەو دەستە (پێشمەرگانەن) کە دوو (پێشمەرگە) (گیانبەخشەکانیان) لە گەڵدایە، دەستەی یەکەم بەم جۆرە باسی خۆیان ئەکەن لە بەرەکانی شەڕ، ئەڵێن:ئەوە ئێمەین لە پێشی پێشەوەین، کەس نیە لە پێشمانەوە، دوایی کەس نەڵێت ئێمە لە پێشی ئەمانەوە بووین، دەستەی دووەم بەم جۆرە باسی خۆیان ئەکەن لەبەرەکانی شەڕ، دەڵێن:ئەوەتا لە پێشی دەبابەکانەوەین، هیچ حیسابیان بۆ ناکەین.

گرتەی سێهەم، ئەو (پێشمەرگەیەی) بۆمبەکان پوچەڵ ئەکاتەوە، تەنها بە سەیر کردنی دەزانی کە چ کارەساتێکی ئینسانی بەرێوەیە و، ئینسان چ بەهایەکی هەیە، بە ئاشکرا دەبینی (ئینسانی بوونی پێشمەرگە) و مافی زیندوویەتی و خۆپاراستنی لە چ ئاستێکدایە، پوچەڵکردنەوەی بۆمب بە بێ سەرەتایی ترین ئامێر و هۆکانی خۆپاراستن، تەنانەت ئەو (پێشمەرگەیە) دەستکێشیشی لە دەستدا نیە، دەیان (پێشمەرگەی) هاوڕێی خەریکن بە تەلەفونەکانیان وێنەی ئەگرن، بە قەولی بەڕێزێک لە فەیسبوک دەڵێت: گۆزروان و پیشۆکیش بەو شێوەیە لە بەهاردا دەرناهێنرێت.

ئەم سێ گرتەی ڤیدیۆیە بە ڕوونی پێمان ئەڵێت: کە بەشی زۆری هێزی (پێشمەرگە) چۆن کەوتونەتە ژێر کاریگەریەکانی عەقڵی باوی کۆمەڵگا، دەسەڵاتیش چۆن باوەشێنی پشکۆی ئەو ئەقڵیەتە ئەکات، ئەم سێ گرتە ڤیدیۆیە کارئاسانی ئەکات بۆ جێگیرکردنی دەستەواژەکان و ناسینەوەی سروشتی دروستکراوی (پێشمەرگە)، هەمان کات (پێشمەرگەش) خۆیان بوونەتە بەشێک لەو فەرهەنگ و دیدەی کۆمەڵگا سەیری (غیرەت و پیاوەتی و قارەمانیەتی) پێ دەکات.

نابێت لە خۆبوردووی و ئازایەتی و جەسارەتی (پێشمەرگە) لەبەرەکانی شەڕدا بەرانبەر (داعش)، بکرێتە پێوانە و پێوەرێک کە مافی خۆپاراستن و (ئینسانی) بوونی (پێشمەرگە) بخاتە ژێر پرسیارەوە، (پێشمەرگە) پێش هەر شتێک (ئینسانە) و دەبێت

ئەم مافەی لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگی و سەربازی و کۆمەڵایەتیەوە پارێزراو بێت، مەحروم کردنی (پێشمەرگە) لەم مافە تەنها لەبەر ناوەکەی کە (پێش مەرگ) دەکەوێت هەڵەیەکی گەورە و هەنگاوێکی دژی (ئینسانیە).

بەپێی ڕاگەیاندراوێک کە ڕۆژی ١٠ / ١٢ / ٢٠١٤ وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: لەڕۆژی ١٠ / ٦ / ٢٠١٤ وە تاکو ئێستا (٧٢٧) (پێشمەرگە) گیانیانبەخشیووە، (٣٥٦٤) بریندار و (٣٤) (پێشمەرگەش) بێسەروشوێن بوون، سەرەڕای سەختی شەڕ و وەحشیگەریەک کە (داعش)ی پێدەناسرێتەوە، من دڵنیام ئەگەر (پێشمەرگە) وەک (ئینسان) لە چەقی ئەم گۆڕەپانە سەربازیەدا لە هەموو بوارەکاندا خوێندنەوەی بۆ بکرایە، ئێستا ژمارەکان زۆر زۆر لەم ڕاگەیاندراوە کەمتر دەبوو، ئەمەی کە ئێستا ڕوو دەدات (ئەنفالە) دەبێت ڕێگای لێبگرین.

من ڕووی دەمم لە خەڵکی کوردستانە، لە (پێشمەرگەیە)، لە نوسەران و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانە، لە دەزگا ڕاگەیاندنە بە هەڵوێستەکانە، ئەرکی هەموومانە پێناسە و سروشتی (ئینسان) بوون بگێڕینەوە بۆ (پێشمەرگە)، ئەرکمانە زۆر شێلگیرانە ڕەخنە و شەڕی سیاسی و فەرهەنگی ئەو دەستەواژانە بکەین کە گیان و ژیانی (پێشمەرگە) دەکاتە قوربانی ئەقڵی باوی کۆمەڵگا.

هیچ قسەیەکم بۆ حکومەت و پەرلەمان و دەزگا و لیژنەی بەناو مافی مرۆڤەکانیان نیە، چونکە بەڕاستی و بە پراکتیکی دەریانخست ژیانی ئینسانی (پێشمەرگە) بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نیە، وەک ئەوەی (پێشمەرگە) کارەکەی ئەوە بێت کە ئەبێت بکوژرێت.

دەزگا و ئۆرگانەکانی دەسەڵات سەلماندیان بێجگە کارتۆنێکی بەتاڵ هیچی تر نین، لەبری ئەوەی (پێشمەرگە) دوای گیانبەخشینی حکومەت دوو پلەی بەرز بکاتەوە، دەبێت سەرەتا وەک ئینسان سەیری بکات و، کار بکات بۆ ئەوەی بەپێی پیوەرە ئینسانیەکان (پێشمەرگە) بناسرێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت، دەبێت هەوڵەکانمان بۆ کۆمەڵگایەکی ئینسانی چڕ بکەینەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ١٢ی دێسامبری ٢٠١٤

# پێشمەرگە

هیوا سەرهەنگ

پێشمەرگە، وشەیەکی ئاوێتەو زاراوەیەک پڕاوپڕ لەئازایەتیو خەباتو قارەمانێتیو بەرخۆدانو شەهید بوون لە پێناوی کوردو کوردستاندا.



پێشمەرگە، ناوی تایبەتی شۆڕشگێرە کوردەکانو هەموو ئەوانەی بەشدارییان کردووە لەبزاڤی رزگاری نەتەوەیی گەلی کوردستاندا دژ بەداگیرکەرانو چەوسێنەرانی میللەتی کورد، بۆخۆی ئەم ناوە پلَنگ ئاسایە، بە تەنیا ناوە پڕ شکۆ و مەزنەکەی هێزو توانای لەشکر و سوپایەکی مەزن و ئەفسووناوی بوو لە ئەندێشەو لێکدانەوەکانی سوپای دوژمناندا، هەر بۆیە بە بیستنی ناوی پێشمەرگە سوپای دوژمن چەند لە قەبارەو تەکنەلۆژیای سەربازیدا بەهێزتر بووبن، چەند خاوەنی تۆپ و فڕۆکە و تانک و زرێپوش و چەکی پێشکەوتوو بووبن، نەیانتوانیوە خۆیان لەبەر دەم وزەو توانا و هەڵمەت و بەرەنگاری پێشمەرگەدا راگرن، مەزنی و گەورەیی پێشمەرگە. ئەم شۆڕشگێرە کوردانە. وای کردبوو کە بە هەزاران چیرۆکی ئەفسانەییان لەسەر پێکبهێنرێت و لە نێو سوپاکانی دوژمندا باسیان لێوە بکرێت و بۆ خێزانەکانیان بگێڕنەوە، هەروەک چیرۆکێکی سەرنج راکێشی دەم پاڵەوانە دەگمەنەکانی مێژووی جیهان و ناوچەکە گوێیان بۆ را دەگیرا، لە سەر پێشمەرگە دەیان گوت: (ئەو خەڵکەی پێیان دەڵێن پێشمەرگە شاخەوانێکی بێ ئەندازەن و هیچ گیانلەبەرێک لە سەرکەوتنی چیاکاندا وەک ئەمان خێرا نین، پەیدا دەبن و لەچاو تروکانێکدا چالاکی دەکەن و ون دەبن، گوللە نایانبڕێ و لە کاتی هەڵمەتیاندا گەڕانەوەیان نییە و لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە).

## پێشمەرگە مرۆڤ دۆستە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێشمەرگە، مرۆڤ دۆست بوو، هێزی مرۆڤایەتییەکەی شان بەشانی تواناو بڕوا شۆڕشگێڕیەکەی پتەو بوو، هەرگیز دیلی نەدەکوشت و لەگەڵ هەموو بارگرانی و ئاڵۆزی بارودۆخ و ئاست نزمی ئابوورییاندا بەپێی یاسا و رێساکانی مافی جیهانی مرۆڤ، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و رێزیان لێ دەگیرا، ئەمە ئەو جیاوازییە گەورەیە بوو لە نێوان پێشمەرگەی کوردستان و گروپی چەکداری تردا کە هەبوون، کەچی لە بەرامبەر هەموو ئەمانەشدا دەسەڵاتی داگیرکەرانی خاکی کوردو وڵاتانی هاوبەرژەوەند لەگەڵ دوژمنانی کورد و کوردستاندا، سەردەمانێک لە دیدی بەرژەوەندییەکانیانەوە دەیانڕوانییە شۆڕش و پێشمەرگە و لە راگەیاندنەکانیاندا شۆڕشیان بە یاخیبوون ناوزەند دەکردو پێشمەرگەش بە چەتەو رێگر، تا ئەو دەمەی ناڕاستگۆیی و تەفرەدانی هاوپەیمانانی هاوبەرژەوەند لە نێو یەکدا وای کرد مل بۆ راستییەکان بدەن و کورد وەک میللەتێکی بەشخوراو و پارچەکراو و

داگیرکراو بناسن و پێشمەرگەش بە رزگارکەری مرۆڤایەتی و خەباتگێڕانی دژ بە تاریکی و دواکەوتن و سونبولی ئاشتی و بەرخۆدان پێناسە بکەن، بەتایبەت لە دەیەکانی ئەمڕۆدا لە عیراقێکی وێرانی پاش سەدام حوسێنی دیکتاتۆردا، لە عیراقێکی فرە ئایین و مەزهەب و فرە نەتەوەدا کە کێشەوبەرە و ململانێییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، پێشمەرگە ڕۆڵی بیناکردنەوە و تەبایی و هێورکردنەوە و ئاشتەوایی دەگێڕێت و بە تەواویش بەشداری دەکات لە پاراستنی نەک ناوچە کوردستانییەکان، بەڵکو هەموو ئەو ناوچانەی دیکەی عیراقیش کە دەستی تیرۆر دەیانگاتێ و کۆمەڵانی خەڵکی عیراقیان خستۆتە بەردەم دووڕیانەکانی مردن و تۆقاندن و ئاوارە بوونەوە.

## پێشمەرگە هی هەموو کوردستانە

پێشمەرگە، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا، پێشمەرگەی هەموو پارچە پڕ ئازارەکانیتری کوردستانە، ئەوەتا پاش هەوڵێکی زۆر توانرا پێشمەرگە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ناوچەکەدا بە نێو شارەکانی باکووری کوردستاندا بڕوات بۆ شارێک لە ڕۆژئاوای کوردستان، شارێک، پارچەیەک لە جەستەی کوردستان، بۆ هاوکاری خەڵکانێکی پڕ لە هەمان خوێنی کوردایەتی. هەمان گیانی مەردایەتی و شان بە شانی یەکینەکانی ڕۆژئاوا، شەڕڤانانی بوێرو چاو نەترس و خۆڕاگر، ژنانی بە توانا. کیژە ناسکە چاو و چنگ پڕ لە گڕەکانی دوژمن تۆقێنەر، ئەوانەی ئامادە نین خۆیان بدەنە دەست هزرە تاریکەکانی دژ بەمرۆڤایەتی و مافەکانی ژنان، تا نەتوانن مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت و ببنە دامرکێنەرەوەی ئارەزوویەکی گڵاو و چاوی برسی ناخ ڕەشێکی چڵکنی تیرۆریست.

پێشمەرگە، ئەو ناوە پیرۆزە، یان ئەو زاراوە پڕ بەهایەیە کە زۆر لە سەرۆکی وڵاتانی دنیا، زۆر لە بەرپرسانی جیهان لە ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا بێ وەرگێڕانی بۆ زمانەکەی خۆیان وەک خۆی باس لە پێشمەرگە دەکەن و دەڵێن (پێشمەرگە) دۆست و رزگارکەری مرۆڤایەتی و خۆبەختکەرە لە پێناو پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی بێچارە لە ژن و منداڵ و نەخۆش و پەککەوتەکان.


ئەمە کوردە و ئەمەش پێشمەرگەکانی کورد و کوردستانن، باڵایان لە قەندیل تێپەڕیوە، هەڵۆ بەرزەفڕەکانی سەر هەموو خاکێکی پڕ ئازارن، مەچەکتان مەچەکی هەموو ئازادیخوازەکانی جیهانە، سرووودی ئەمجارەتان مەشخەڵانی چەسپاندنی ئاشتی هەمووانە، هەڵمەتتان، هۆ کاکی پێشمەرگە، شۆڕشگێڕی قارەمان دژی هەموو تیرۆرستانە، سڵاوتان لێبێت، سڵاو لەو جیهانەی دروستی دەکەن، سڵاو لە ماندووبوون و قارەمانیتان دەشێ جوامێریتان، جیهان بەئاگا بهێنێت و لەمەڕ ئەم نەبەردی و بوێری و خۆبەختکردنانەتاندا، ئا لەم ناوچانەدا لەیەکێک لە شارەکانی کوردستانی ئازادا، وڵاتێک یان کەسایەتییەکی ناودار پەیکەرێکی ئاشتیتان بۆ دروست بکات، بەرز و بڵند، هێندەی بڵندی پەیکەرەکەی ئاشتی کە فەڕەنسا دای بە ئەمریکا، وەک هێمای سەرکەوتن و ئاشتی و نەمانی چەوساندنەوە و بەردەوامی دۆستایەتی. ئاواش لەگەڵ ئێمەی کوردا ئەو هێمایەی بەرز و بڵندی تۆ، دۆستایەتی و ئاشتی و تەبایی هەمیشەییمان بۆ دەستەبەر بکات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ١٠ی دێسامبری ٢٠١٤

# ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان نییە

**عەبدوولڵا حەسەنزادە: ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان نییە**

لە کاتێکدا قسەباسەکانی سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز کە ئایا رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە یان رۆژی پێشمەرگە؟ پەرەدەستێنێ و لە لایان کەسایەتی و چالاکانی سیاسی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەخرێتە بەرگفتگۆ و لە بابەت و راپۆرتگەلێکدا باسی لێوە دەکرێ، عەبدولڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لیدێری نافەرمی ئەمرۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵامەیەکدا تیشک دەخاتە سەر ئەو رۆژە و دەڵێ: "٢٦ی سەرماوەز لە ساڵی ١٣٢٤دا رووداوی مێژوویی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهابادی تێدا بووە".




حەسەنزادە لە وڵامی بابەتێکی هاشم رۆستەمیدا کە لە ژێر ناوی "مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دیموکراتەکان"دا بڵاوی کردبۆوە ئاماژە بە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکات.

حەسەن زادە کە بەر لە رووخانی شاوە تا ئێستا بە ماوەی دەیان ساڵ لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا بووە و یەکێک لە راوێژکاران و کەسە هەرە نزیکەکان لە د. عەبدولرەحمان قاسملوو بووە و بە شارەزاترین سەرکردەی دیموکرات لە مێژوو و سیاسەت و پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە دەناسرێ سەبارەت بە ساڵ و کاتی دەستبەسەر داگرتنی شارەبانی مەهاباد دەنووسێ و دەڵێ " شارەبانی مەهاباد مانگی رێبەندانی ١٣٢٣ لە دەستی بەسەردا گیراوە و جاروبار لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکڕات دا رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بە رۆژی دەست بەسەرداگرتنی شارەبانیی مەهاباد ناو دەبرێ" و لە درێژە دا ئەو هەڵەیە بۆ کەریمی حیسامی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "بەرهەمی هەڵەیەکی خوالێخۆشبوو کاک کەریمی حیسامی یە کە لەکتێبی "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"دا وای هێنابوو".

سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکرات لە بابەتەکەیدا رۆژی ١٥ی رێبەندانی پێ گونجاوترین رۆژە بۆ دیاری کردنی وەک رۆژی پێشمەرگە و ئاوات دەخوازێ کە " هەر ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان - هەموو کوردستان".

حەسەنزادە ئاماژە بە رۆژی پێشمەرگە دەکات و باس دەکا کە سەرەرای ئەوەی دەیزانی کە ئەو کاتە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە بەڵام لە سەر پێشنیاری خۆی بووە کە وەک رۆژی پێشمەرگەی دیموکرات دیاری بکرێت و دەڵێ" ئەمن گوتم رۆژی٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەم رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەو هەم رۆژی یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەیە کە دواتر ناوی هێزی

پێشمەرگەی لەسەر دانرا. کەوایە با ئەو ڕۆژە دابنێین چونکە پێشمەرگەی هیچ ناوچەیەک و هیچ هێزێک بە غەدر لە خۆیانی نازانن. هەر لەوێش دا گوتم بۆ ئەوەی هەڵلای حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی یەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا ناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسی دا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەقتەری سیاسی پەسندی کردو دای بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی و لەوێشدا بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا" و هەروەها ئەوەش ناشارێتەوە کە "بەڕاستی ئەو کات ئەمن نەم دەزانی کە شارەبانیی مەهاباد لەو ڕۆژە دا نەگیراوە" و لە درێژە دا ئاماژە بەوەش دەکات کە " بەڵام لەوە غافڵ نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە".

عەبدوللا حەسەنزادە لە کۆتایی بابەتەکەیدا دەڵێ: "با لەمەودواش هەموو ساڵێ ساڵ بەساڵ بەجۆشتر، جەژنی ٢٦ی سەرماوەز بگرین وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردەستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەتایبەتی کە ئەمساڵ پارلمانە خۆشەویستەکەی کوردستان لە بڕیارێکی مێژوویی دا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ١٧ی دیسامبری وەک ڕۆژی ئاڵا بەڕەسمی ناسی و بەمجۆرە کورد گوتەنی بۆتە جەژنی دوو جەژن".

جێگەی ئاماژەیە لە سەر ئەم بابەتە پێشتر سێ کەسی دیکە لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆیان ڕاگەیاندووە. حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پاک لە ٢٦ی سەرماوەزی ٢٧٠٧ دا لە بابەتێکدا بە ناوی " زەرورەتی پێدا چوونەوە و ڕاستکردنەوەیەک" دا ئاماژە بە کۆمەڵێک بەڵگە دەکا کە " بە پێی ئەو بەڵگە باوەڕپێکراوانەی لەبەردەستدان و بەوتەی ئەو کەسانەی کە ئەو ساڵە و ڕووداوەکانیان لەبیرە، ڕۆژی ٢٦ سەماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی (١٧ دیسامبری ١٩٤٥ ) ڕۆژێکە کە ئاڵای کوردستانی تێیدا هەڵکراوە."

یەزدانپەنا هەر لەو بارەوە دەڵێ: " لە لایەکی دیکەوە هێندێ بەڵگەی دیکە هەن کە ڕووداوی چەککردن و گیرانی شارەبانی مهابادی تێدا تۆمار کراون. بەڵام نەک لە ڕۆژی ٢٦ سەرماوەز دا، بەڵکوو، لە ١٥ فێورییەی ١٩٤٥دا. واتە ١٠ مانگ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕووداوە دا هەبووە".

جەلیل گادانی لە ڕێبەرانی ناسراوی حیزبی دیموکرات پاش ئەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا باشووری کوردستان بە پێی بڕیاری پەرلەمان وەکوو ڕۆژی ئاڵای کوردستان بە فەرمی دیاری کرا، لە بابەتێکدا ڕەخنە لە هەوڵەکەی پەرلەمانی کوردستان دەگرێت و بە هەڵە ناوی لێدەبا.

گادانی دەڵێ: "حەق وابوو ئەو کارە لە ڕۆژی ١٦ / ١٢ ڕا دەست پی بکرێ، چوونکو هەروەک لە سەرەوە باسم کرد لە ڕۆژی ١٢ / ١٦ دا بۆ یەکەم جار ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر وە حزوری پێشەواو بارزانی و هەموو سەرانی ئەو کاتی کوردستان لە چوارچرا ڕا لەسەر شانی ڕۆڵەی شەهیدی کوردستان کەریمی نازمی لە نێو ئاپۆڕای جەماوەر دا و لە مەیدانی چوارچرا ڕا بەرەو ئەو باڵە خانەی کە بە خۆشیەوە ئێستاش ماوە گوێزرایەوە و لەسەر بانی باڵە خانەکە لە نێو دەربرینی هەستی شادی هەزاران کەس وە قرمەی تفەنگی سەدان برنۆ هەڵکرا.باڵەخانەکەش ملکی میرزا عەولای کەریمی بوو".

لە لایەکیترەوە حەسەن ئەیوبزادە لە سەر ڕەخنەکەی جەلیل گادانی دەدوێ و لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی " ڕوونکردنەوەیەک لە

سەر ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان" وڵامی گادانی دەداتەوە و دەڵێ: " مامۆستا گادانی وادیارە لە ڕێکەوتی هەڵکردنی ئاڵا دا سەراسۆیی دۆکۆمێنتەکانی نە کردووە. مامۆستا حەسەن قزڵجی نووسەری بە ناو و دەنگی کۆماری کوردستان لە گۆڤاری هەلاڵە ژمارەی ٢ ڕەشەمەی ٢٢١٩ چاپخانەی بۆکان، لە لاپەڕە ی ٢١ دا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی بە دووروودرێژیی نووسیوە کە بەشێک لەو نووسراوەیە دەخەمە بەرچاوی ڕێزدار گادانی. بەو هیوایە کە بە ڕێزیان بە ناردنی یادداشتێک بۆ ڕۆژنامەکان ئەو هەڵەیەی ڕاست بکاتەوە. ئەوەش بەشێکە لەو ڕاپۆرتەی مامۆستا حەسەن قزڵجی شەهیدی ڕێگای ئازادی کوردستان. مامۆستا قزڵجی لە ڕاپۆرتەکەی دا ڕۆژی ٢٦ / ٩ / ١٣٢٤ کە دەبێتە ١٧ / ١٢ / ١٩٤٥ بە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان رادەگەیەنێ . بڕوانە گۆڤاری هەلاڵە ژمارە ٢ی ڕەشەمە ی ٢٢١٩ چاپخانەی بۆکان! هەروەها بڕوانە . سەرجەمی بەرهەمی مامۆستا حەسەن قزڵجی ئامادە کردنی موحسین قزڵجی، پەخشی سەردەم ١١١٢،

راستکردنەوەکەی عەبدوڵلا حەسەنزادە بەو پێگەو و شارەزاییەی لە مێژوو و سیاسەتی حیزبی دیموکڕات دا هەیەتی ناکرێ بە سادەیی چاوی لێبکرێ. ئەوە یەکەم جارە لە ئاستێکی وەهادا دان بە بڕیاری هەڵە دادەدرێ و پێداچوونەوەی پێدا دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا روون نییە کە ئایا هەردوو لای دیموکرات ئەم راستکردنەوەیە دەکەنە بڕیاری فەرمی خۆیان؟ هەروەها ئایا دەتوانێ سەرەتای راست کردنەوەی هەڵە زەقەکانی ئەم حیزبە لە سەر خوێندنەوەی بۆ کۆماری کوردستان بێ؟

ڕێکەوتی : ٢٥ی ژانوییەی ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەلات تایمز

لەسەردەمی دوو ڕیژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دا، حیزبی دیموکرات ڕێکخەرو ڕیبەری خەباتێکی پڕ لە قوربانیدان بووە. ئەم حیزبە لەداهاتووشدا تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرحەقەکانی نەتەوەی کورد لە هەر هەلومەرجێکدا خەباتی ڕەوای خۆی درێژە دەداو تا ئامانجی شەهیدان کە بریتیە لە دیاریکردنی مافی چارەنووس وەدی نەیە، خۆڕاگریو بەربەرەکانی لەکوردستان دژی دیکتاتۆری و ژێردەستی بەردەوام دەبێ. دوای ئەو هەمووە ساڵە لە سەرکوت و پیلانگێڕی دژی بزووتنەوەی کوردستان، کۆماری ئیسلامی هێشتا بە ئاواتی خۆی کە دەستهەڵگرتنی خەڵکی کوردستان لە مافەکانیان و پشتیوانیی حیزبی دیموکڕاتە، نەگەیشتوە. بۆیە وەک رابردوو بە چاوێکی ئەمنییەتی سەیری کوردستان دەکا و بە هۆی زاڵکردنی ڕێوشوێن و کەشوهەوای ئەمنییەتی لە کوردستان حکوومەت دەکا. بەڵام ئەمنییەتێک کە بناغەکەی لەسەر سەرکوتو جینایەت دامەزرابێ، لەرزۆکە و وەک زۆر جار دیومانە بە هۆی نافەرمانیی خەڵک وخەباتی تێکۆشەران و ئازادیخوازان درزی تێ دەکەوێ. ئەم ئەمنییەتە درۆیینە نابێ رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەخەباتو هێنانە گۆڕی ویست و داخوازەکانیان سارد بکاتەوە. پێویستە لە هەموو دەرفەتێکی لەبار بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و خستنە رووی داواکانیان کەڵک وەرگرن. ئەگەرچی پێشمەرگە زۆرترین ڕۆڵی لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا هەبووەو بە شانازییەوە ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردوە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر بەم مانایە نیە کە لە مەیداندابوون و خەباتکردن بە تەنیا هەر لەسەر شانی پێشمەرگەیە. خەبات بۆ ئازادیو تێکۆشان لەدژی سەرەڕۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەرە. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیویستە لە هەموو کات زیاتر پاڵ وێک بدەن و ئازایانە بێنە مەیدانو ڕۆڵو دەوری خۆیان ببینن. خەباتو بەربەرەکانی شێوەو ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. هەرکەس بە پێی هەلومەرج و بە گوێرەی وەزع و ئەرکی خۆی دەتوانێ بە شێوەی تایبەتی لەخەبات دژی دیکتاتۆڕیی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بێ، دیارە چاوەڕوانی لە لاوەکان لەهەموو کەس زیاترە.

پێشمەرگە خۆشەویستەکان!

ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان ڕێز لە فیداکاریو جوامێریی ئێوە دەگرن. لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ناوی پێشمەرگە، سوکناییدەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زۆڵم وناعەداڵەتیی دەسەڵاتدارانی زۆردار دەناڵێنن. ئێمە لەم بیرەوەرییە مێژوویەدا هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی کوردستان پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگە لە ئێوەو لەهەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی / ١٧ای دێسامبری ٢٠١٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

# پێشمەرگەی دوێنێ و ئەمڕۆ

عەونی خۆشناو

ئێمەی کورد وەک گەلێکی دابەش‌و داگیرکراو و ژێردەستە، بۆ دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانمان تێکۆشاوین، ئەو خەباتو



بەرخۆدانە پێویستی بەکەسانێکی گیانبازو فیداکار هەیە، کە ببێتە پێشڕەو بۆ بەرگریکردن لەخاکو نیشتمان، ئەو فیداکارە کە ئامادەی خۆبەختکردنە لەپێناوی رزگاریی وڵات بۆتە هێمای ئازایەتی‌و خۆڕاگری، ئەوە پێشمەرگەیە.

پێشمەرگە ئەو چەمکو ناوە مەزنو پیرۆزەیە، لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆتە وێردی سەر زمانو لای دوژمنانیش بۆتە چقڵی چاوی داگیرکەران، چونکە لەپێناوی مافو ئازادیی گەلێک ئامادەی قوربانیدانو مەرگ بووە، بۆیە مێژوویەکی پڕ سەروەریی‌و شانازییە بۆ ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرانەی کە ئەوێ رۆژێ لەساتە سەختو دژوارەکاندا توانیان ئەو سەروەرییە بۆ خۆیانو گەلەکەیان تۆماربکەن، هەر ئەو مێژووە پڕشنگدارەیە کە پێشمەرگەی کردۆتە سیمبول‌و خۆشەویستی گەل.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە بەهەڵوێستو ئازادیخوازانەن کە ئازارو خەمی وڵاتو نەتەوەکەیان کردۆتە کۆڵو تا دواساتەکانی تەمەنیان لەخزمەتی گەل‌و نیشتمانن، دوای شەهیدبوونیشیان دەبن بەسیمبولێکو لەئاسمانی بێگەردی کوردایەتیدا هەمیشە بەدرەوشاوەیی دەمێننەوەو نەوە دوای نەوە بەنەمریی‌و شکۆمەندی باس دەکرێن، وێرای هەلومەرجە سەختو دژوارەکان، سیاسەتە رەگەزپەرستو داپلۆسێنەرەکان لەئەنفال‌و کیمیابارانو سووتماککردنو خاپورکردنی کوردستان، پێشمەرگە خۆڕاگرو بەردەوامبوو لەخەبات.

### هەمووتان پێشمەرگەن

ئەوەی من دەمەوێت لەو بابەتەدا ئاماژەی پێبدەم، هەر بەو شۆڕشگێڕانە ناوترێت پێشمەرگە کە لەرۆژە سەختەکاندا بەچەکی شانیان بەرگرییان لەکوردو خاکی کوردستان دەکرد، بەڵکو بەهەموو ئەو خەڵکە تێکۆشەرو دڵسۆزو پەرۆشانە دەوترێت پێشمەرگە، کە لەخزمەتی گەل‌و نیشتماندان، ئەو مامۆستایانەی ئەوێ رۆژێ کە سەری بەرزو بڵندیان بۆ مووچە نەوی نەکرد پێشمەرگەن، ئەو دکتۆرو پەرستارو کارمەندو کارگوزارانەی کە بەباشی ئەرکەکانیان رادەپەڕێننو لەخزمەتی نەخۆشدان، پێشمەرگەن، ئەو خوێندکارانەی کە لەهەموو شۆڕش‌و راپەڕینەکاندا سەری رمن، پێشمەرگەن، ئەو جووتیارو زەحمەتکێشانەی لادێ کە نانی قوڕگی منداڵەکانیان دەرخواردی پێشمەرگە دەداو پشتیوانیان لەشۆڕش دەکرد پێشمەرگەن، ئەو دەوڵەمەندانەی کە لەهەوڵی باشترکردنی باروگوزەرانی

هەژاراندان پێشمەرگەن، ئەو پەرلەمانتارانەی ئەرکەکانیان بەیەکسانی دادپەروەریی لەخزمەتی گەلو نیشتماندا جێبەجێدەکەنو کۆیلەی حزب نین پێشمەرگەن، ئەو زیندانە سیاسییە خۆڕاگرانەی کە سڵیان لەمردن نەدەکردەوە بێباک دەچوونە ژێر پەتی سێدارە پێشمەرگەن، ئەو ژنە چالاکوانانەی کە بەرگری لەمافو ئازادیی ژنان دەکەن پێشمەرگەن، ئەو هونەرمەندانەی کە لەرێگای هونەرەکەیانەوە رەسەنایەتیو کوردایەتی دەردەخەن، پێشمەرگەن، ئێوەش ئەی لیژنە هاوبەشەکانی شارو شارۆچکەکانی هەرێم، چاودێرییو بەدواداچوونتان بۆ شوێنە خزمەتگوزارییەکان پێشمەرگەن.

جێگای ستایش و دەستخۆشییە

ئێستاش کە ئەم ئەزموونەی هاتۆتە بەرهەم، بەرهەمی خوێنی شەهیدە نەمرەکانو بەرهەمی رۆژە سەختەکانی پێشمەرگەیە، ئەوەی ئێوەی تێکۆشەر ئەنجامی دەدەن کارێکی مەزنو پیرۆزە، بەهۆی چاودێرییو بەدواداچوونە بەردەوامەکانتان، دەتوانن پارێزگاریی لەگەلێک بکەن، کە رۆژانە لەلایەن کەسانی نابەرپرسو دژ بەبەهاکانی مرۆڤەوە ژەهرخوارد دەکرێن، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەوانەی بەپارەی گەل کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن، بەتوندترین شێوە سزایان بدات، بەماددەی تیرۆر لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، ئێوەی تێکۆشەرو ماندوونەناس خەڵات بکرێن، چونکە ئەوەی کردووتانە تاکو ئێستا جێگای ستایشو دەستخۆشییە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شانازیی بەئەرکو بەرپرسیارێتیو کارە پڕبایەخو بەرهەمدارەکەتان دەکات، بەڵام هەنگاوو هەڵمەتەکانتان فراوانترو کاریگەرترو گەورەتر بکەن، ئەوە ئێوە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانتان لەگەڵدایە، چاوپۆشیو دەستتێوەردان لەهیچ کەسێک لەهەر پلەو پایەکدا بێت قبوڵ مەکەن! کارەکانتان بەو شێوازە دەبێتە ئەرکێکی پیرۆزو ناوی ئێوەش وەک پێشمەرگەی ئەمڕۆ وەک ئەستێرەیەکی گەش لەئاسمانی گەلێکی تەندروستدا بەدرەوشاوەیی دەمێنێتەوە. لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم سوپاسگوزارتان بمو لەدوورەوە دەست و پەنجەکانتان بەگەرمی دەگوشمو چاوەکانتان ماچ دەکەم، هەوڵو کۆششەکانتان لای دڵسۆزانی گەلو نیشتمان بەرزدەنرخێنرێن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ٢٥ی دێسامبری ٢٠١٢

شەڕێکی خوێناوی لە نێوان دوو بەرەی دەسەڵاتپارێز و دژ بە دەسەڵات. ڕۆژ نییە کوژراو و بریندار بوونی بە دەیان کەس خەڵکی بێ دیفاعی لێ نەکەوێتەوە و ئاوارەیی و دەربەدەریی کۆمەڵێکی دیکەی لە خەڵکی سووریەوە بە دوواوە نەبێ ، لە ئەنجامی ململانێی هێزە دەرەکی و ناوچەییەکان قەیرانی سوریە درێژ بۆتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕ و پێکدادانەی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو و دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد دا ڕۆخساری دژی ئازادیی خۆی زیاتر بە دیار خست، چونکە بە ئاشکرا و ڕوو هەڵمالاوانە دیفاع لە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەکا و لە هەموو بوارێکی ماڵی و تەسلیحاتی و سیاسی، بۆتە یارمەتیدەرێکی بەهێزی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد . بەڵامم ڕەوتی ڕووداوەکان نیشاندەری ئەو ڕاستیەن کە لە ململانێی ئاوا دا ئەوەی سەر دەکەوێ بەرەی خەڵکە و ئەوەی تێک دەشکێ دیکتاتۆری و زوڵم زۆردایيە.

به هۆی ئەوە کە بەشێک لە خاک و نەتەوەی بەشکراوی کوردیش دەکەونە سووریە ، جێگای خۆیەتی بە چاوێکی دیکەوە بڕوانینە ئاڵوگۆڕەکان لە سووریە و بێجگە لەوە ئومێد بخوازین بە دوای ڕووخانی دیکتاتۆری لەو وڵاتە دا ، دیمۆکراسی و ئاشتی سەقامگیر بێ و لە هەمان حاڵدا لە لایەنە کوردییەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستان بخوازین کە یەکیەتی و تەبایی نێو ماڵی کوردی دروست بکەن و خۆ لە پاوانخۆازی و یەکتر لە پەراوێز خستن بپارێزن و تەنیا بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لایەنە کوردییەکانی خۆراوای کوردوستانە دەتوانرێ سەرکەوتن دەستەبەر بکەن .

ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سیستمی حوکمرانیی وڵاتانی ناوچەکەدا ، بە هۆی نارەزایەتیی خەڵک لە دەسەڵات پێک هاتوون، نیشانەی ئەو ڕاستیەن کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە ڕووبەڕوو بوونەوەی یەکجاری لە گەڵ خەڵکی ئێران دا تووشی هەر هەمان چارەنووس دەبن . گەلانی ئێران لە مێژە لە دەست ئەو دەسەڵات و نیزامە وەزاڵە هاتوون و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان ڕەخسابێ نارەزایەتیی خۆیان دەر بڕیوە .

ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە دەری خست کە لە گەڵ بنەما و ڕێوشوێنە دنیاپەسەندەکان و گیانی سەردەم ناگونجێ و لە گەڵ دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و بەرپرسایەتییەکانی لە ئاستی نێوخۆ و جیهاندا نامۆ و بێگانەیە. هەر بۆیە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە تووشی تەریک کەوتنەوە بووە . هەتا ئێستا ساڵ نەبووە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، چەند جار لە لایەن ناوەند و دامەزراوە نێو نەتەوەییەکانی داکۆکیکاری ماڤی مرۆڤ مەحکووم نەکرابێ، هەر ئەو سیاسەتە پارادۆکسیکاڵەی کۆمار ئیسلامی لەگەڵ بنەماکانی پێکەوە ژیانی سەردەمیانە لە جیهانی ئەمڕۆ دا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئۆروپا و دەوڵەتی ئەمریکا و چەندین وڵات و ڕێکخراوی دیکەی جیهانی پێکەوە هاوهەڵویست کردوە ، کە بە یەکەوە ئابلۆقەی ئابووری بهاوێنە سەر ئێران. توند کردنی ئاڵقەی ئەو ئابلۆقە ئابوورییە وای کردوە کە بایەخی دراوی ئێرانی بە شێوەیەک دابەزێ کە لە بەرامبەر هیچ ئەرزێکی بایەخداری دەرەکی دا نەتوانێ بەربەرەکانێ بکا و هەر ئەوە بۆتە هۆکارێکی گرینگ کە فشارێکی زۆر بکەوێتە سەر شانی خەڵک بە تایبەتی چینی هەژار و کەم دەرامەتی کۆمەڵگای ئێران و تەنانەت شوێنەوارەکانی ئەو ئابلۆقە ئابوورییە لە نێو دامودەزگای بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامییش دا خۆی دەرخستوە و بۆتە ئامرازی دووبەرەکی و کێشەی قووڵ لە نێوان دەسەڵاتەکانی وڵات و تەنانەت کێشەکان لە نێوان باڵەکانی دەسەڵاتداری ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەک کە خودی خامنەیی ، وەک ڕێبەر و تاکە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی دێتە مەیدان بۆئەوەی

ئیزن نەدا کێشەکان بۆ دەرەوەی بازنەی دەسەڵات تەشەنە بکات. بۆ وێنە، نوێنەرانی پارڵمان سەر کۆمار ئەحمەدینژادیان بانگهێشتی پارڵمان کرد بۆ وەڵامدانەوە بە هێندێک پرسیار بە تایبەت نەبوونی ئەرزی خاریجی و دابەزینی نرخی دراوی ئێرانی سەرەڕای فرۆشی یەکجار زۆری نەوتی خاو ، بەڵام دیتمان رێبەر ئیزنی نەدا ئەو کارە ڕوو بدا و لە لێپرسینەوە لە ئەحمەدی نژادی سەرکۆمار، رێگر بوو. بەڵام کێشە و ململانییەکانی نێو باڵەکانی دەسەڵات لە سەر شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ دنیای سەردەم لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە کێشەی خەڵک و سیستمی دەسەڵات لە ئێراندا لەوە قووڵترن کە بە خامنەیی یان سەرکۆمار چارەسەر بکرێن. بە پێی هەموو هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکان، ئێران لە بەردەم ئاڵوگۆڕێکی چارەنووسساز دایە و بناغەی ئێرانی داهاتوو لە ڕەوتی ئەو ئاڵو گۆڕانە دا بونیاد دەنرێ.

لێرە دایە ئەرکی هەموو لایەکمان،تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکرات و بە تایبەتی پێشمەرگە ئازا و چاونەترسەکانی کوردستان قورستر دەبێ. پێویستە ئامادەییمان هەبێ بۆ هەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە پێشمان دان ، بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی بیانقۆزینەوە و ئەرکی پێشمەرگایەتیمان کە دابین کردنی ئازادی و رزگاریی گەلەکەمانە بە جێ بگەیەنین .

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان ، سەرجەم تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و دڵسۆزانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بە تایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان پیرۆز بێ .

بە هیوای ڕووخانی کۆشکی دیکتاتۆری و هەڵاتنی خۆری ئازادی لە وڵاتەکەماندا

سەرکەوتوو بن

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ١٦ی دێسامبری ٢٠١٢

# حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز بۆ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشنیار دەکات

*وتاری دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنفرانسی دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە*

*زۆر بەرێز جەنابی جەعفەر شێخ مستەفا*

*وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان!*

*نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان!*

*بەشدارانی بەرێزی کونفرانس!*

*خۆشحالین کە لە گەڵ ئێوەی بەرێز لەم کۆنفرانسە پرشکۆیەدا بۆ بیروراگۆڕینەوە لە بارەی دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان کۆبووینەتەوە . وێڕای دەربڕینی سوپاس و پێزانینمان سەبارەت بە بانگهێشتنمان بۆ ئەم کۆنفرانسە، دەستخۆشیتان لی دەکەین کە بۆ رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی پڕ لە حەماسە و قوربانیدانی هێزی پێشمەرگە لەم بەشەی کوردستان، رۆژێک وەک رۆژی پێشمەرگە ناودێر دەکەن.*

*خەباتی شۆڕشگێڕانەی پڕ لە سەروەریی نەتەوەکەمان و دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەم بەشەی کوردستان و لە هەموو کوردستان بە گشتی، قەرزداری تێکۆشان و قوربانیدانی رۆڵە پێشمەرگەکانییەتی. لە رۆژگارە هەرە سەختەکان و لەو پەڕی زەبر و زەنگ و لەشکرکێشی وتوند و تیژیی دوژمنانی رزگاریی کورد و کوردستان دا، ئەوە رۆڵە پێشمەرگەکانی کوردستان بوون کە چەک لە شان و گیان لەسەردەست، بەرامبەر دۆژمنانی نەتەوەکەیان دەوەستانەوە و پاریزگارییان لە مان و کەرامەتی نەتەوەکەیان دەکرد.*

*لە مێژووی شەڕ و بەرەنگاریی چەکدارانەی ئەو رۆڵە خەباتکارانە دا، رۆژیک بەدی ناکەین کە هیزی پێشمەرگە حەماسە و قارەمانەتیی تێدا نەخوڵقاندبێ و چەندین پێشمەرگە، گیانی خۆیان تێدا بەخت نەکردبێ. لە راستیدا ناودێرکردنی رۆژێک وەک رۆژی پێشمەرگە لە سەر بناغەی حەماسەخوڵقاندن و ئازایەتی نواندن و گیانبەخشین، کارێکی بە زەحمەتە. هەر بۆیە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە، بۆنەیەکی پیرۆز کە لە مێژە لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک رۆژی پێشمەرگە، پەسەند کراوە، لەم بەشەی کوردستانیش وەک رۆژی پێشمەرگە قبووڵ بکەن. ئەویش رۆژی ٢٦ی سەرماوەز (١٦ی دیسامبر)، رۆژی بۆ یەکەمجارهەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستانە. لە ١٦ی دیسامبری ١٩٤٥ دا بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە پێتەختی کۆماری کوردستان هەڵکرا. پێشوازیکردنی*

نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان لە ناوی پێشمەرگە، کە لە داهێنانی کۆماری کوردستان و یادگاری ئەو حکوومەتە نەتەوەییەی کوردستانە، کولتوورێکی شۆڕشگێڕانەی هاوبەشی لە نێوان نەتەوە دابەشکراوەکەمان دروست کردوە. بە دڵنیاییەوە، هەڵبژاردنی ئەم بۆنەیەش بۆ ناودێرکردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە، یەکیەتیی نەتەوەیی و وەکیەکبوونی کۆد و ڕەمزی خەباتکارانە لە نیوان بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان،دەسەلمێنێ و گیانی هاوخەباتی وهاونەتەوەبوونمان بە هێزتر دەکا.

دیارە لە ١٥ی ڕێبەندانی١٣٢٤ (٣ی فیورییەی ١٩٤٦ ) دا، کۆماری کوردستان بە پێی ئاگادارییەک کە لە ژمارە ١٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەو، ناوی "پێشمەرگە" لە جێی ناوی "سەرباز" هەڵدەبژێری. بە یاسایی بوونی ئەو ناوە ئەویش لە ژێر ئالا و لە سێبەری دەسەڵاتیکی نیشتمانیی کوردی دا،دەتوانی بۆنەیەکی دیکە بخاتە بەر سەرنجی ئیوەی بەڕیز بۆ ئەوەی ناوی ڕۆژی پێشمەرگەی لە سەر دابنێن.

بەڕێزان!

ئێمە وێڕای ڕێزگرتن لە بڕیاری ئەم کۆنفرانسە لە هەڵبژاردنی هەر بۆنە و ڕۆژێک وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ، هیوادارین لە پێناوی دروستکردن و بە هێزکردنی ڕەمزە نەتەوەیی و هاوبەشەکانماندا، پێشنیارەکەمان بخرێتە بەر هەڵسانگاندن و باسی پێویستی لێبکرێ.

جارێکی دیکە بۆ ئەم کۆنفرانسە لە دیاریکردنی بۆنەیەکی گونجاو وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

سڵاو لە خەبات و تێکۆشانی پڕ لە فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە لایەن دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
بۆ کۆنفرانسی دیاریکردنی ڕۆژی پێشمەرگە

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی ٢٧ی مای ٢٠١٢

# پێشمەرگە کێ بوو... ؟

جمیل احمد بابان

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە لە خۆبردوە بوو کە خەمی نیشتمان بەبەردەوامی یەخەی گرتبوو هەرگیز بیری لە کۆلدان نەدەکردەوە، دوژمنی سەرسەختی کوردی وەک خۆیان دەناسی و هەرگیز بڕوای بە ڕەقیبانی کورد نەبوو، بۆیە هەر لە سەرەتای لاویدا زۆرکەس و بنەماڵە دەکەوتنە بیری نیشتمان و دەکەوتنە پرسیارکردن؛ بۆ ئێمەش خاوەنی ئالاو نیشتمانی خۆمان نین.



بۆیە نیشتمانپەروەران دەگەران بە دوای سەرەداوێک تا وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە بۆیە بە هەر نرخێک با لە پێناوی ئازادی کۆلیان نەدەداو بە دوای هاوەڵێک دەگەرا ن کەوەک خۆیان خەمی نیشتمانیان لە کۆڵ کردبی، دەبینین هەردەم پێشمەرگە بەدوای پارێزگاری لە نهێنیەکانی نیشتماندا دەگەرا، تا کەسێکی وەک خۆی دەدۆزیەوە بە تایبەتی ڕێکخستنەکانی ناو شار بە خۆبەخشی هەر خۆیان بەدوای کەسێکی وەک خۆیان دەگەران تا کەمێک لە ئازارو مەینەتیەکانی نیشتمان لە هزریان کەم بکەنەوە تا ئەوکاتەی چ ڕێکخستنەکانی شاخ ڕێگەیان بە کەسەکە دەدا یان بە هۆکاری تر یان بە شێوازی ڕقی زۆری ئەو کەسانە کە تواناى بەرگەی ستەمیان نەدەگرت، یاخود زۆر جارانیش بەهۆی سیخوری ڕەقیبانیەوە دەکەوتە داوی ڕژێم چونکە تەنها ڕەقیبانی کورد سود مەند دەبون یان کەسێک یاخود بنەماڵەیەک پێشی ئاشکرا بوون دەرباز دەبوو ئەوسا بە ئازادی چەکی شەرەفیان دەکردە شان و زەوی سوتماکراویان رادەخست و ئاسمانیان بەخۆیان دادەدا، ئەوە پێشمەرگە بوو.

پێشمەرگە تەنها مرۆڤێکی سادەو ساکار نەبوو بەلکو لە بۆتەی هەر پێشمەرگەیەک کۆمەڵێک واتای سەرسورمان هەبوو ڕۆشنفکری و ڕۆشنبیری و بەردەوام بە خولی تەنیایی و تایبەتی و گەڕان بەدوای بیرو هزری نوی و هەولدانی بەردەوام بۆ نوی بونەوە پەرۆش بوو، لەگەل هەموو ئەمانەش هەرگیز کە بیری لێنەدەکگردەوە ئەویش بێخەمی خۆی بوو ڕەنکە خەمی نیشتمان هەمووی لێداگیر کردبوو بۆیە چەک و تاقم و شرە دەفتەرو دەرزی و داوو رادیۆکەی هەموو ماڵەکەی بوو.

نان لەمالان و خەوتن لە مزگەوت یان بارەگای تایبەت ولەو زەویە سوتماکراوە بە گیانێکی هەرزان دەیگوزەراند، لەگەل هەموو

مەینەتیەکان هەموو پێشمەرگە یەک بیر یەک هەلوێست یەک فەرمانیان جێبەجێ دەکرد، کی برکی بۆ هەلمەت بردن بۆسەرمۆلگەو بارەگاکانی دوژمن تەنانەت بۆ شەهید بونیش پێشمەرگە پۆستەری بۆخۆی ئامادە دەکرد.

هەموو ئەو راستیانەش لە هەزاران بەلگەو نمونە لەبەر دەستدایە، گەلێک جاریش تەنانەت پێشمەرگە تا نەکەوێتە دەستی دوژمن گولەیەکی تایبەتی لە گیرفانی هەلگرتبو تا خۆی پێ شەهید بکات ئەویش تەنها بۆ پارێزگاری لە نهێنیەکانی ولات. پێشمەرگە لە هەلمەتدا پلینگ و شێر ئاسا لە ئاشتیا کۆتری سپی و لە هەول و خەبات بەردەوامی تیغی دەبان بون.

پێشمەرگە تاکە شۆرشگێرێکی بروا ئەستور بوو بە میلەتەکەی خۆی و هەموو کەسی لە خۆی خۆشتر دەویست، ئەوەندەی خەمی نیشتمانی بوو هیچ بیری لە خۆی نەدەکردەوە و هەموو ئەمانەشی بە کردەوە دەسەلماند، رەنگە هەندی روداو هەیە ئەگەر بیگێریتەوە وەک چیرۆکەکانی ئیزۆپ وابێ، بەلام هەموو بەسەرهاتەکانی پێشمەرگە راستگۆیانەیە کە باس دەکرێن چ لە کونجی زیندانەکان چ ئەوانەی بەرامبەری دوژمنیان گرتبوو.

ئەو پێشمەرگانەی کە وەک مەفرزەی تایبەتی بە نێو هەزاران بازگەو کەمین و مەفرەزەی دوژمن رویان لە شارو شارۆچکەکان دەکرد لە قولای دوژمن بۆ ئەوەی سیخورێکی دوژمن یان کەسێکی خاین بە سزای گەل و شۆرش بگەیەنن، هەزاران چیرۆکی سەیرو سەمەرەیان لایە کە رەنگە ئەگەر سیناریۆکەی بنوسرێتەوە ببێتە مایەیی سەرسورمانو بچێتە خانەی فلیمە خەیالیەکان چونکە ئەوەندە چیرۆکەکان ترسانک بوە بە تایبەتی لە سەردەمی رژێمێکی دکتاتۆری وەک رژێمی بەعسی لە ناوچوو.

مەفرەزە تایبەتەکان لە تەواوی مەلبەندەکان (سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، بادینان) لە سالی هەشتاکان کورێ جەبەرزەی وا هەبوە لە شێرن خەودا سیخورو دوژمنی کوردیان لە ناوەراستی شارەکان دەگەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان یا هەر لە شوێنی خۆیادا بە سزای گەل و شۆرشیان دەگەیاندن و بە سەلامەتیش دەگەرانەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکانیان.

ئەوەی کەباسم کرد رەنگە یەک لە ملیۆنەها کرداری پێشمەرگە بوبێ کە رۆژانە لە بەرامبەر دوژمنە جۆر بەجۆرەکانی روبەروی دەبونەوە، چونکە هەموو پێشمەرگەیەک رۆژانە توشی یەک لەم نەهامەتیانە دەبوەوە وەک:-

بۆردومانی فرۆکە - تۆپی دورهاوێژ - روبەروبونەوەی چەکداری - کەمین - هێرشکردن بۆ سەر مۆلگەکانی دوژمن- پیلانی سیخوری - کرداری سیخوری - جەولەی تایبەت یان جەولەی سەرکردایەتی - هەروەها پەیوەندی بە دۆست و لایەنگران، لەگەل هەموو ئەمانەش دوژمن لە رێگەی سیخورەکانیەوە هەولی دەدا پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکات یان کردەوەی تیرۆرستی لە رێگەی کەسانی خاین و خۆفرۆش بەرامبەر پێشمەرگەو بەرپرسان بە ئەنجام بگەیەنن وهەولی ژەهر خواردن بۆ هێزی پێشمەرگە یان دانیشتوانی ناوچە ئازاد کراوەکان.

کەواتە پێشمەرگە نەخەو نەخۆراک نە جلی جوان و نە ژیان و گوزەران بە تایبەت پێشمەرگەکانی یەکێتی ی نیشتمانی ی

کوردستان چونکە هەردەم لە گەشەکردن و گۆرانکاری بەردەوام بوون بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کوردستان، لەگەل ئەوەشدا خۆشەویستی و متمانە و دۆستایەتی نەک تەنها لە نێو پێشمەرگە بەلکو لەگەل تەواوی ناوچە ئازاد کراوەکان و نیمچە ئازاد کراوەکان و تێکڕای کوردان پشت ئەستور بوو، تەنانەت هەول دەدرا ئەوانەی کە لە ژێر بالی دوژمندا بوون پەیوەندیان پێوەدەکرا لە

چەندان سەرچاوەوە لەسەر بریاری سەرکردایەتی کە دواتر توانرا چەندان لە مەفرەزەو سریە و مستەشاریش بهێنرێنە ژێر بالی شۆرش و لەگەل هێزی پێشمەرگە هەماهەنگی بکەن کە دواتر لە ڕاپەرینە مەزنەکەی سالی 1991 ئەو کەسانە سودیان وەرگرت و بەر لێبوردنی کۆمەلانی خەلکی کوردستان کەوتن.

لێرەدا دەبینین پێشمەرگە لە تەواوی شۆرشەکانی کوردستان چەند نەهامەتیان بینیوە و ژیانی نەبینیوە.

ئەم وێنانە تەعبیر لە هەندی راستی سەردەمی شاخ دەکات:-

با ئێمەی کورد بگەورێینەوە ئەوی رۆژی با رق و کینەی دوژمنانی کورد بەر شەقی زەمانمان نەخات بگەرێینەوە ئەو رۆژانەی کە سوێندمان بە گیانی یەکتر دەخوارد با بگەرێینەوە تا شەهیدەکانمان لێمان بە جواب ناهاتون با چیتر تانەو بوختان بۆ یەکتری هەلنەبەستین و دوژمنانمان دلخۆش نەکەین با بگەرێینەوە ئەو رۆژانەی کە فەرماندەیەکی مەفرەزە برا گەورە بوو پێشمەرگەیەک جێی متمانەی تەواوی سەرکردایەتی و جەماوەر بوو با بگەرێینەوە ئەو رۆژانەی کە دوژمن خەونی بە لێکترازانی کوردان دەدیت با بگەرێینەوە بۆ باوەشی گەرمی هەڤال و هاورێی و براو دۆستەکانمان با چیتر دوژمنان نەخشەو پیلانەکانیان سەرنەگری با ئەوانەی ئەوی رۆژی بە لە دەست دانی شەهیدێکمان شەرابی خۆشحالیان دەنۆشی. با دوژمنانمان چیتر شادمان نەبن بە مەرگمان..

ئەمرۆ هەر ئەوانەن کە ئەوی رۆژی داردەستی رژێمی رەفتار فاشی بوونو ئێستا خۆیان بە خەم خۆرو بە وەفای ئەم میلەتە دەزانن تانەمان لێدەدەن و دوژمن بەراست دەزانن و ئێمەش بە کورِ ئەشکەوت، با پێمان نەلێن ئێوە چیان کردوە و با هەزاران بوختانی ترمان بۆ رێک نەخەن و سەرکردەو فەرماندە و شەهیدەکانمان بە رسوا باس نەکەن.

چونکە ئێمەی کورد ئەوەندەی دوژمنی دەرەکیمان هەیە هەزاران جار ناحەزی ناوەخۆمان هەیە کە هەندێکیان لە بەخالەتیە و هەندێکیان ڕەنگە کورِو نەوەی بەعسیەکان بن ٍبۆیە دەیلێمە با ریزەکانمان هەموو جارێک بە جوانترین شێوە رێک بخەینەوە تا دوژمانی کورد بە تەواوی دەپوکێنەوە چیتر شەرابی دلخۆشی بۆ ناخۆشیەکانی ئێمە نەخۆنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری یەکیەتی نیشتمانی میدیا / ڕێکەوتی : ٢٢ی نوامبری ٢٠١٠

# پێشمەرگە- ناوی پیرۆزترین مرۆڤەو چقڵی چاوی دوژمنانە

ئاسایش عوسمان دانش



پێشمەرگە لە دۆێنێدا کە پارێزگاری لە خاکی پێشمەرگە لە ئەمڕۆدا کە پاسەوانی لە خاکی هەرێمی کوردوستان و مرۆڤی کورد کردوە بەدرێژایی مێژووی کوردوستان ئەو ناوچانە دەکات کە دەگەڕێنرێتەوە سەرخاکی شۆرشی کورد لە باشوردا. هەرێمی کوردوستان.

ڕاستیەکی مێژوویە کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ڕەمزو وسمبولی ئەو مرۆڤە بە ئەمەک وەفا دارو گیان بازو لە خۆ بردو و گیان لەسەر دەستەیە کە هەمیشە ژیانی خۆی بەخت کردوە لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەیا و مەشخەڵ گڵپەو داینەموی گشت شۆرشەکانی باشور و هەموو پارچەکانی تری کوردوستان بوە ، بێ پشت و پەنا پارێزگاری لەخاکی موقەدەسی کوردستان و گێانی مرۆڤی کورد کردوە ، پێشمەرگە ئیلهامی ئازایەتی و مەردایەتی لە خۆ بردویی و باوەڕ بە خۆ بوون لە مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیەوە وەر گرتوەو وەک سەربازێکی سوپا نەبوە مەشق و ڕاهێنان بکات بۆ فیربونی هونەری سەربازی ، شاخەکانی کوردوستانیش هەموو کاتێک لانەو شۆینی تێکۆشان و خەباتی بە جەرگانەی ئەم ڕۆڵانە بووە.

لە گشت ڕوداو کارەساتێکی ناخۆش دا پشتیان نەکردۆتە نەتەوەکەیان قوربانیان داوەو گیانیان فیدا کردوە و خۆینیان ڕژاوەتە سەر هەموو بستێک و تاشە بەردێکی ئەم خاکە ، لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراقیشەوە بە فەرمی بونەتە پاسەوانی سنور و پارێزگاریان لە خاکی کوردوستان و بگرە زۆر پارێزگاو شۆین و ناوچەی تری ئێراق کردوە ، وەک پارێزگای { دیالەو سەلاحەدین و بەغداد } و شۆێنی تر ، هەر کاتێک لەهەر شۆنێک دا پێویستیان بە هێزی پێشمەرگە بوبێ و سەرکردایەتی کورد ڕازی بونی خۆی لەسەر بەشداری پێشمەرگە دابێ فەرامۆش نەکراوە ، نمونەش بۆ ئەم بەشداری بونە ناردنی پێشمەرگەیە بۆ ئەو شۆین و ناوچانەی گیرو گرفتی زۆری لێ هەیە و داوای بەشدار بوون و خزمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردوستانیان کردوە ، بەو دوایانەش سەرۆک و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق داوای هێزی پێشمەرگەیان کرد بۆ پارێزگاری کردنیان هەر چەندە ئەمانە زۆریان سەر بە حیزب لایەنەکانی بەشداربووی حکومەتی ئێراقین خۆیان خاوەن هێزی چەکدارو میلیشیایان هەیە ئەمەش دەلالەت لە پاکی و ئازایەتی پێشمەرگە دەکات.

بەڵام ماوەیەکە چەند ئەندام و پەرلەمانتارێکی بەرەی تەوافق و العراقیەو بەرەی تورکمانی و پاشماوەی بەعسیەکان و دام دەزگاکانیان بە جۆرەها ڕێگا دەیانەوێ ناوی پێشمەرگە بزرێنن جۆرەها تومەت و ئاستەنگ دروست دەکەن لەوانە لەم ڕۆژانەدا { ئوسامە نجێفی و حەنین قەدۆ و عزەدین دەوڵە و ئەمین فەرحان و پێشتریش محەمەد تەمیم } و چەندانی تریش لە لێدوان و کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکانیان دا دەیانەوێ بە زۆر بیسەلمێنن کە هێزی پێشمەرگە میلیشیایەو پێویستە حکومەتی ئێراقی لێان بدات و هەڵ بوەشێنرێنەوەو لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک و دیالەو سەلاحەدین دەربکرێن و نەیەڵن هەردوو حیزبی { ی . ن . ک و پ . د . ک } لە هەڵبژادنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان دا بەشداری بکەن ، ئەمانە ڕقیان لە کوردە لە مێژەوە داخ لە دڵن ئەم لێدوانەنەشیان سەلمێندەری مایە پوچی خۆیان و بەرەو و ئاغاکانیانە چونکە دەیانەوێ خەلک هان بدەن دژی کورد و هێزی پێشمەرگە و فیتنەو ئاشوبە دروست بکەن هێزی پێشمەرگە بە وان لە ناو نابرێت لەکە دار نابێت ، بە دەیان ساڵ بەرەنگاری گەورەترین و دڕندەترین سوپا بونەوە کە بەبێ ڕەحمانە و بێ هیچ یاسایەک کەوتبوە گیانی کورد و هێزی پێشمەرگە بەو هەموو تۆپ و تەیارە و چەکە زۆرو قەدەغە کراوانەوە ئەنفال وکیمیا باران و جینۆسایدیان ئەنجام دا، نەیان توانی ورەو هێزی پۆڵاینیان پێ لەق بکەن لەناویان ببەن ئەمڕۆش هێزی پێشمەرگە لە هەموو کاتێک بە هێزترە ، ئەگەر ئەمانە ماوەی پێنج ساڵە هاتونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و دەیانەوێ بونی خۆیان بسەلمێنن وهێزو دەسەڵات بگرنە دەست بزانن هێزی پێشمەرگە کێن و دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان دان ، با دەرس لە ڕابردو وەرگرن چاکترە، مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی گەلەکەمان و سەرکەوتن و سەرفرازیش بۆ هێزی لە بن نەهاتو و قارەمانی پێشمەرگەی کوردوستان.

سەرچاوە : ماڵپەری کلاورۆژنە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٨

## پەیامی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

*هاونیشتمانە بەڕێزەکان!*

*خوشک و برایانی خۆشەویست!*

ئەوە جارێکیتریش لە مانگی سەرماوسۆڵ دا گەیشتینەوە ساڵڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، واتە ئەو ڕۆژەی کە بۆ وەبیر هێنانەوەی لەخۆبووردوویی و فیداکاری و خزمەتی ڕۆڵە تێکۆشەر و خەباتکارەکانی ڕێگای ئازادی کوردستان و ڕێزگرتن لە زەحمەت و تێکۆشان، حەماسەخوڵقێنی و قارەمانەتیی ئەو مرۆڤە ماندوونەناسانەی کە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا بۆ پارێزگاری لە خاکی پیرۆزی کوردستان خەباتیان کردووە، دیاری کراوە.

شوێن و ڕۆڵی پێشمەرگە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دا ئەوەندە دیارو بەرچاو و بەرزو گەورەیە کە مرۆڤ ناتوانێ بە دەربرینی چەند ڕستەیەک دەریببڕێ، و یا بە چەند دێڕێک کاریگەری و ڕۆڵی پێشمەرگە وەک خۆی بەیان بکا. پێشمەرگە مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ و شۆڕشگێرە کە بە خواستی خۆی و بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی لەبەرانبەر گەلەکەیدا ڕێگای خەبات و تێکۆشانی گرتۆتەبەر و بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆری و نابەرابەری بە دژی داگیرکەرانی کوردستان خەبات دەکا و بەو پەڕی دڵاواڵەییەوە گیانی خۆی فیدای گەل و نیشتمان دەکا و بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان گەورەترین سەرمایەی ژیان، واتە گیانی خۆی پێشکەش بە نەتەوە و وڵاتی خۆی دەکا و تەنانەت بۆ ئازادی گەلەکەی لە مەرگیش سڵ ناکاتەوە.

پێشمەرگە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی دەست لە ژیانی ئاسایی خۆی هەڵدەگرێ و ڕێگای ئەستەمی خەبات بە دژی دیکتاتۆری و ملهوری هەڵدەبژێرێ و بۆ وەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی نەتەوەی کورد کە گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە بیر لە ناخۆشییەکانی سەر ڕێگای تێکۆشان ناکاتەوە و بە ئیمان بە سەرکەوتن، کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێکۆشان تەخت دەکات و هەنگاو بەرەو دوا ڕۆژێکی گەش هەڵدێنێتەوە. زۆرن ئەو مرۆڤانەی کە بۆ بەرگری لە ژیانی خەڵک و بۆ پاراستنی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە و چوونە نێو ریزی کاروانی نەمرانی گەل و میداڵیای سەرفەرازییان بە ملی خۆیان و بنەماڵەکانیان هەڵاوەسیەوە و بە خوێنی خۆیان داری ئازادی نەتەوەکەیان ئاودێر کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەمای کارو تێکۆشان و خەباتی بێوچانی پێشمەرگە و لەهەمان کاتدا ڕێزدانان بۆ زەحمەتەکانی ڕۆڵەکانی گەل و بایەخدان بە هەڵسووڕان و شەونخوونی و فیداکاری پێشمەرگە و هەڵمەتبەری و بەرەنگاریی ڕۆڵەکانی گەل بەرامبەر بە هێزی دژیگەلیی دوژمن و خۆشەویستی ناوی پێشمەرگە لە ناو نەتەوەکەماندا، لە ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاویدا، ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی بە ئەمەگ و

## پێشمەرگە ؛ نیشانەی بەرخۆدانی میللەتێکە

پێشمەرگە پەروەری کوردستان لە کاتی دیاری کردنی ئەو ڕۆژەوە، هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەدا ڕێز لە ماندوونەناسی و لەخۆبووردوویی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن و لە زۆربەی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان، لەم ڕۆژەدا بە شێوەی جۆراوجۆر ڕێز لە تێکۆشانی ڕۆڵەکانی خۆیان دەگرن و یادی ئەمڕۆژە بە گەرمی پیرۆز دەکەن.

لێرەدا پێویستە بڵێین کە دیاری کردنی ۲۶ ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی پێشمەرگە هەروا بە هەڵکەوت نەبووە و نییە، لە ڕۆژی ۲۶ ی سەرماوەزی ساڵی۱۳۲۴ ی هەتاوی دا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئاڵای کوردستانیان لەسەربان و شەقامەکانی شار هەڵکرد. ڕۆژی ۲۶ ی سەرماوەزی۱۳۲۴ ی هەتاویی وەبیر هێنەرەوەی خەباتی خەڵکە بە دژی داگیرکەرانی کوردستان و گرینگی ئەمڕۆژەش بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی۱۳۶۳ ی هەتاویی دا ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکات و لەم ڕۆژەدا ڕێز لەو مرۆڤە بە سەخاوەت و تێکۆشەرانەی کوردستان بگرێ .

بە درێژایی مێژووی خەباتی پڕ کارەساتی کوردستان و هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکەران بۆ سەر خاکی نیشتمان و قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان و هەوڵدانی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد لە سەر زێدی باب‌وباپیرانی، ئەوە ڕۆڵەکانی کورد بوون کە بە خەبات و بەرەنگاری توانیویانە کە دوژمنی داخ لە دڵی کورد ناکام و بێ هیوا بکەن و نەهێڵن بە پیلانە چەپەڵەکانی خۆی بگات، هەر لە پێناو ئازادی و بەرگریی لە کوردستان دا هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی کورد شەهید و کەم ئەندام بوون و بە سەخاوەتەوە بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان گیانی خۆیان فیدا کردووە. هەر ئێستاش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ژێر ناوی پێشمەرگەی کوردستان خەبات بە دژی زوڵم و زۆری و ناعەداڵەتی دەکەن و باشترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردستان دیاری کردووە و دەکەن، ئەو ڕۆڵە گیان لە سەر دەستانەی کوردستان ناویان پێشمەرگەیە و خەڵک بە گلێنەی چاوی خۆیان دادەنێن و ڕێزیان لێدەگرن و بە کوڕی خۆیان سەیریان دەکەن و ئامێزیان بۆ دەگرنەوە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە پێشمەرگە خۆشەویستی خەڵکی کوردستانە، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ڕۆژی ۲۶ ی سەرماوەز، تەنیا بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دیاری نەکراوە و بەڵکوو ئەمڕۆژە ڕۆژی گشت پێشمەرگەکانی کوردستانە. ۲۶ ی سەرماوەز ڕۆژی وەبیر هێنانەوەی لەخۆبووردوویی ڕۆڵەکانی کوردە کە لە هەر شوێنێک وەک پێشمەرگە خزمەت بە نەتەوەی کورد دەکەن و هەر ئێستا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان لەبەردایە و بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان ساردو گەرمیی و ناخۆشی یەکانی سەر ڕێگای تێکۆشان تەحەموول دەکەن و بۆ پارێزگاری لە مافەکانی نەتەوەی کورد بە دڵ و گیان تێدەکۆشن و بە خوێنی خۆیان داری ئازادی ئاو دەدەن.

بەم بۆنەوە وەک کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە گشتی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ فیداکاری و گیان لە سەردەستی پێشمەرگەی کورستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

# ڕێوەرەسمەکان

## بەرزڕاگرتنی یادی ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە شکۆوە یادی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی کردەوە.



ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆ بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگە، ئەندامانو بنەماڵەی پێشمەرگەکان نیشتەجێ لە بنکەکانی دەوروبەری دفتەری سیاسیی حیزب بەرێوەچوو.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

کاک کەماڵ کەریمی لە سەرەتای قسەکانیدا بە ئاماژە بە مێژووی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد گوتی: "ئەگەر ٧٠ ساڵ لەوە پێش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢٦ ی سەرماوەز نیشانەی دەرخستنی هۆوییەتی نەتەوەییو هەوڵدانێک بۆ ئەوە بوو لەو سەردەمەدا ڕابگەیەندرێ کە کوردستانو نیشتمانێک هەیەو ئەوە ئاڵاکەیەتی؛ بەڵام دەیان ساڵ خەباتی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوە دەری خست کە ئەوە هەر کاردانەوە نەبووە بە ڕووداوێکی سیاسی، بەڵکوو ئەمە سەرەتایەک بۆ چەسپاندنی هێمای نەتەوەیی بۆ هەموو مێژووی کورد بوو. ئەمڕۆ دەبینین لە هەولێر، لە ئامەد، لە قامیشلوو تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرمی شەهیدانی ئەو

نەتەوەیە لە ئاڵای کوردستانەوە دەپێچێریّو بە ڕێزەوە بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردریّ. ئەوە دەریخست ئەو پەیامەی کە ٧٠ ساڵ لەوە پێش ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نەتەوەی کوردی داو ئەو ڕێبازەی خستە بەردەم نەتەوەی کورد؛ ئێستا دوای ٧٠ ساڵ هەموو نەتەوەی کورد شانازیی پێوە دەکەنو ئەو شانازییە، بەشێکی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەتایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو حیزبە دەبڕیّ."

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە ناونانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣ای هەتاویدا، گوتی:" ئەگەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ ئاڵای کوردستانی وەکوو هێماو ڕەمزی نەتەوەیی هەڵکرد، لە ساڵی ١٣٦٣دا وەکوو ڕێزلێنان لە ئازایەتیو فیداکاریی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناساندو لەو ڕۆژەوە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات، حیزبی دێموکڕاتو خەڵکی کوردستان بوونە خاوەنی دوو ڕۆژی مێژوویی، ڕۆژێک کە ڕێز لە ئاڵای کوردستانو ئاڵاهەڵگرانی خەباتی نەتەوەیی، واتە پێشمەرگەکانی کوردستان دەنریّ."

کاک کەماڵ کەریمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پەرژایە سەر چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو ناوچە سنوورییەکانو بە بەرزنرخاندنی هەڵسووڕانی پێشمەرگە لە نیشتمانو زێدی خۆیان گوتی: " ئەم جموجۆڵانە دەریان خست کە هیچ خەندەقێکو هیچ تەلبەندێک ناتوانیّ کەلێنو کەلەبەر بخاتە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستانو کۆمەڵانی خەڵکەوە. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چەند ساڵەی ڕابردوو بەتایبەت لەمساڵدا بە دوژمنیان نیشان دا کە هەتا دڵی خەڵکی کوردستان بە گەرمی بۆ ئەوان لێبدا، هەنگاوەکانی پێشمەرگە قایمترن بۆ ئەوەی بگەنە لایان. وەک دیتمان پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە گوندەکان، لە شارەکان، لە مەزراو مووچەو لە خێوەتەکان بە دروشمی بژی هێزی پێشمەرگە، بژی حیزبی دێموکڕاتو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە؛ دەری خست کە ئیمکانی نیە هیچ سنوورێک لە نێوان خەڵکو هێزی پێشمەرگەدا دابنریّ."

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە تیشک خستنەسەر ئەوەی کە ناوی پێشمەرگە لەمرۆدا سنووری کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی بەزاندووەو؛ لە کۆمەڵگای جیهانیو ناوەندەکانی بڕیاردا دێتە سەر زار، باسی لە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک ئەندامی هەمیشەیی لە ڕێکخراوی ئێنتێرناسیۆنال سۆسیالیستی کردو گوتی: بە کەمی مەبینن ئەگەر لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناو و دەنگو ڕەنگتان هەیە، ئەگەر دوای سیّ دەیە پێوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئێنتێرناسیۆنال سۆسیالیست ئەمساڵ حیزبەکەمان وەک ئەندامی ئەسڵی لەو ڕێکخراوەیەدا وەردەگیریّ، بیّ گومان کاریگەریی تێکۆشانی ڕاستەوخۆی ئێوەی لەسەرە، ئێمە دەسخۆشی لە دیپلۆماتەکانی حیزبی دێموکراتو بە تایبەتی لە نوینەری حیزب لە ڕێکخراوی ئێنتێرناسیۆنال سۆسیالیست دەکەین، بەلام بیّگومان بەبیّ پشتیوانیی ئێوەو بەبیّ لەبەرچاوگرتنی تێکۆشانی ئێوە حیزبی دێموکڕات وا بەئاسانی نەدەگەیشتە ئەو ئاستە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا تاکە حیزب بیّ کە لە ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی وەک ڕێکخراوی ئێنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا بە ئەندام وەربگیریّ."

دوای قسەکانی کاک کەماڵ کەریمی و پێشکێشکردنی سروودێک لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەری، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێشکرا.

پێشەوا عەلیپوور لەگەڵ باس لە فەلسەفەی هەڵکردنی ئاڵاو خەباتی کورد لە ژێر ئەو ئاڵایەدا ئاوڕی لە تێکۆشانی رۆڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوو دایەوە و گوتی: ئەمساڵ وەک لوتکەی حزووری چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لاوانی دێموکرات پشکی شێریان بەرکەوتووەو پێشمەرگەی بە ئەمەگی رێبازی حیزبی دێموکرات بوون و بەڵێنی نەسرەوتن تا سەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵک و خاکی کوردستان دووپات کردەوەو هاوکات خەڵکی کوردستانیش بە پێشوازی گەرمیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلماندیان کە چارەنووسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست حیزبی دێموکرات دیاری دەکرێ.

لەو پەیامەدا ڕوو بە لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوو کە ئێوەش لەنێوخۆی کوردستان دەتوانن لەسەر بنەمای ئەو میراتە گرینگەی کە جیهان پێی دەنازێ، لەسەر پێ بن و پێشمەرگەئاسا لەدژی سیستەم و سیاسەتی کوردقڕانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوەستنەوە. ژینگە پارێزیتان، ئەدەبیاتی کوردی خۆشەویستیتان، زمان پارێزیتان لەناو ئەو سیستەمە زاڵمەدا پێشمەرگایەتییە. ئێوە کە ناتانەوێ تەنانەت لە پێناو بژێوی ژیانیشدا پشت لە پێشمەرگەو حیزبی دێموکرات بکەن هەر پێشمەرگەن، ئێوە کە لەزانکۆکاندا نوێنەری بیری یەکیەتیی لاوانن، لە کۆڵانەکاندا دەنگی لاوانی دێموکراتن هەر پێشمەرگەن. ئێوە کە بەبیرو هزر دژی توندڕەویی مەزهەبین، لەناختاندا نەتەوەپەرەست و دێموکراتن هەر پێشمەرگەن. هەر بۆیە شانازی بەخۆتانەوە بکەن و بەردەوام بن.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو رێورەسمەدا لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە رێز لەو پێشمەرگانەی نێو ڕیزەکانی حیزب گیرا کە سەروو ٢٠ ساڵ، سەروو ٢٥ ساڵ، سەروو ٣٠ ساڵ و سەروو ٣٥ ساڵ بێ دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چەکی پێشمەرگایەتی‌یان لە شان بووەو لە سەنگەری تێکۆشان و خۆڕاگری‌دا بوون. ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە خەڵاتی رێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە دەستی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەرگرت. هەر لەو بەشەدا وەک رێزلێنان و سەمبولیک بەرگی پێشمەرگایەتی و ئاڵای کوردستان لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکێش بە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە بەڕێزیان ئەو خەڵاتەی لە دەستی دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات و هاوسەری شەهیدێکی دیکەی حیزبەوە وەرگرت و نایە سەرسەری. هەروەها لەلایەن کۆمەڵێک دۆست و هاورێی نیزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چەپکەگوڵی رێزلێنان لە پێشمەرگە پێشکێش بە کاک جەلیل گادانی، وەک بەرابردووترین پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

شێعری لە سوورهەڵاتەوە لەلایەن شاعیری پێشمەرگە عەلیرەزا رەحیمی؛ سروودی هۆ کاکی پێشمەرگە بە دەنگی خاتوو شیرین شەریفی؛ گۆرانیی ئامۆزا گیان بە دەنگی سەردار ئیلامی، گۆرانیی عاشق بەتۆم بە دەنگی محەممەدئەمین کەریمی و مەقامی " ئەی نیشتمان" بە دەنگی ئاوات بۆکانی چەند برگەیەکی دیکەی رێورەسمە بوون. کۆتایی رێورەسمەکەش پیرۆزبایی خەڵک لە یەکترو کۆڕی شایی و شادی و گۆرانی بوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٥

# بەڕێوەچوونی جێژنی ۲۶ی سەرماوەز،
# لە شاری ستاوانگێر لە وڵاتی نۆڕوێژ

ناوەندی هەواڵ - نۆروێژ: بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان و هەروەها شەوی یەڵدا، شەوی لە دایک بوونی دوکتور قاسملوو لە شاری ستاوانگێر لە وڵاتی نۆڕوێژ.



ڕۆژی شەممە ١٩ای دێسامبری ٢٠١٥ی زایینی کومیتە ناوچەی ڕۆگالاند،ی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی پێشمەرگەو ئالاو شەوی یەڵدا، بە بەشداری ئەندامانی حیزب، یەکێتی لاوان و یەکێتی ژنان و بەشێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوەبرد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردوکوردستان دەستی پێکرد و لە لایەن بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە خاتوو سیڤانا بایەزیدپوور بەخێرهاتنی میوانەکان کرا. پاشان پەیامی کومیتە ناوچەی ڕۆگەلاندی یەکێتی لاوان بەم بۆنەیەوە لە لایەن خاتوو کوێستان قازانی پێشکەشکرا. پاشان چەند پارچە شێعرێک بە بۆنەی شەوی یەڵدا شەوی لە دایک بوونی دوکتور قاسملوو لەلایەن ئاراز حسەینی ئەندامی یەکێتی لاوان خوێندرایەوەو هەروەها لە لایەن گورووپی هەڵپەڕکێی کومیتەی یەکێتی لاوانەوە چەندین تابڵۆی جوانی هەڵپەرکێ پێشکەش کرا. شایانی باسە کە لە لایەن کومیتە ناوچەی ڕۆگالاندی یەکێتی لاوانەوە لەوحی ڕێزلێنان لە گەڵ دەستە گوڵ بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ئامادە کرابوو پێشکەش بە سەرجەم پێشمەرگەو تێکۆشەران و خەباتکارانی بەشدار لەم ڕێوڕەسمە کرا.سەرەتا لەوحی ڕێز لێنان و شاخە گوڵ لە لایەن بەرپرسی کومیتەی لاوان بەرێز زانیار کەریمی پێشکەش بە هەردووک تێکۆشەری دێرینی حیزبەکەمان مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادەو کاک محەممەد کەسرایی کراو پاشان لە لایەن هەردووک بەڕێزان مامۆستا گەلاوێژ حەسەنزادە و کاک محەممەد کەسرایی لەوحی ڕێزلێنان و شاخە گوڵ پێشکەشی پێشمەرگە دێرینەکان و تێکۆشەران کرا. هەروەها بۆ ڕێز گرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی هاورێی زانیار کەریمی بەرپرسی کومیتە ناوچەی ڕۆگالاندی یەکێتی لاوان .لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری لاوان لەو ناوچەیە بە دەستە گوڵێکی تایبەت خەڵات کراو ڕێزی لێگیرا. شایانی باسە لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بەرێز محەممەد کەسرایی تێکۆشەری دێرینی حیزبەکەمان چەند وتەیەکی سەبارەت بە ڕۆژی پێشمەرگەو ئالاو شەوی یەلدا پێشکەشی بەشداربووان کردو باسی گرنی ئەم سێ بۆنەیەیی لە مێژووی گەلەکەمان و حیزبەکەماندا کرد و لە کۆتاییدا سپاسی کومیتەی یەکێتی لاوانی کرد بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ڕێوڕەسمە بەشکۆیە و هیوای خواست کە لە ئەرکەکانیاندا سەرکەوتووبن. شایانی ئاماژە پێکردنە کە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە بە تازەگی هاتوونە ئەم وڵاتەو لە کەمپەکانی ئەو ناوچەیە نیشتەجێن لە لایەن کومیتەی لاوانەوە بانگهێشت دەکرێن و هەوو ئاسانکاریەکیشیان بۆ هاتن بۆ ڕێوڕەسمەکە بۆ دەکرێ کە دەبێتە هۆی خوشحاڵی

ئەو خۆشەویستانە.لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکەداو بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کوردکانالّ و یەکێتی لاوان لە کوردستان چەندین بلیتی شانس و بەخت بە بەشداربووان دەفرۆشری کە کەل و پەلەکان لە لایەن فروشگاو شیرکەتە نۆروێژیەکانەوە درابوون بە لاوان. . دوابەشی رێورەسمەکە بە شایی و هەڵپەرکێ و هەروەها خواردنی کوردەواری کە لە لایەن بنەماڵەکانی یەکێتی لاوان و حیزبەوە ئامادە کرابوو درێژەی هەبوو. یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان دەستەی بەرێوەبەری کومیتە ناوچەی رۆگالاند.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / رێکەوتی : ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥

---

# بەرێوەچوونی جێژنی ٢۶ ی سەرماوەز لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نۆروێژ

ناوەندی هەواڵ - نۆروێژ: رۆژی شەممە ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥، کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بۆ رێز گرتن لە رۆژی هەڵکرانی ئالای کوردستان و قارەمانەتی و فیداکاری رۆڵەکانی گەل واتا پێشمەرگە، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە رێورەسمێکی بەشکۆ دا ئەو رۆژەیان یاد کردەوە.



سەرەتایی بەرنامە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی نۆروێژی حیزب لە لایەن تێکۆشەری دێرین خدر میراوەیی پێشکەش کرا.

پاشان بەرێز مەحمود برۆ، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە، چەند وتەیەکی سەبارەت بە رۆژی پێشمەرگە و هەڵکرانی ئالای کوردستان پێشکەش کرد. بەرێزیان لە بەشێکی قسەکانی دا وێرای پیرۆزبایی خۆی، ئاماژەی بە رۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دانانی بنەمانەتەوەیی کانی کوردستان وەک رۆژی هەڵکرانی ئالا و ناوی بەرزی پێشمەرگە و ٢ی رێبەندان و هتد کرد. هەروەها بەرێزیان وتی هەروەک پێشەوا قازی محەممەد ٧٠ ساڵ لەمەوپێش بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، نوێنەری هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی لە دەوری یەک کۆکردەوە و هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوویی پێکهێنا، ئێمەش ئێستا لە دەبێ ئەوە بکەینە بنەمایی کاروتێکۆشانی خۆمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

دواتر شاعیری هەست ناسک و پێشمەرگەی دێرینی دێموکرات، مامۆستا پەیمان شێعرێکی لە ژێر ناوی " پێشمەرگە" پێشکەش بە بەشدارانی رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز کرد.

دواتر پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی کولتوری دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئۆستفۆڵد لە لایەن بەریزان، گوڵێ حەیدەری، نیان هەمزەیی و عوسمان مامەش خوێندرایەوە.

ئەو حیزب و رێکخراوانەش بە بروسکەی پیرۆزبایی وچەپکە گوڵ بەشداریان لە جێژنی ٢٦ ی سەرماوەز دا کرد:

پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی گۆڕان، ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە، پارتی دێموکراتی کوردستانی سوریە، ناوەندی دیالۆگ و ئاشتی و کۆمەڵە کولتووری کوردی لە ناوچەی ئۆستفۆڵد

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکە، لە لایەن هاورێی خالید عەبدوڵڵازادە دوو پارچە شێعر بۆ مەقامی بەرزی پێشمەرگەی پێشکەش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی بەرنامەکە دا بەدانی شاخە گوڵ بە پێشمەرگە دێرینەکانی ناو حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان رێزیان لە خەبات و تێکۆشانیان گیرا.

دوابەشی جێژنەکە تایبەت بوو بە بەشی هونەری کە بە دەنگی بە سۆز و خۆشی هەر دوو هومەنەرمەندی لاو، رێباز خنکاڵی و ئەسعەد مەریوانی تا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥

---

## لە واشنگتۆنی پایتەختی ئەمریکا، ڕێز لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان گیرا

ناوەندی هەواڵ- ئەمریکا: شەوی شەممە ١٩ / ١٢ / ٢٠١٥ی زایینی، لەیەکێک لە ساڵۆنەکانی شەنتیلی ڤیرجینیا، بە بەشداری



ئەندام و دۆستانی حیزبی و نوێنەری بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نێشتەجێی ئەو دەڤەرە، ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە وئاڵای کوردستان بەرز راگیرا. سەرەتای بەرنامەکە بە وتیە بەخێرهێنانی بەرێوەبەری بەرنامە کاک شەریف حەسەنزادە و سروودی ئەی رەقیب و یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەست پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە واشینگتۆن لە

لایەن کاک خەبات ئیبراهیمپوور خۆیندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی بەرنامە دا وتارێکی جوان لەسەر پێشمەرگە لەلایەن دکتۆر کەماڵ حەسەنزادە خوێندرایەوە. ئینجا شێعرێکی پڕ لە هەستی جوان و نێشتمانە پەروەرانە و لە بۆ وەسفی پێشمەرگە و گەورەیی ئەو مرۆڤە خۆنەویستانەی کە بە درێژایی مێژوو پارێزەری کوردستان بوون لە لایەن بەشدار هاروتی خوێندرایەوە و پاشان بروسکەی پیرۆزبایی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ ڕۆژی پێشمەرگە پێشکەش کرا. بە شێعرێکی جوان لە لایەن کاک سیامەند خوسرەوی بۆ پێشمەرگەی کوردستان بەرنامەکەی درێژەی کێشا.

ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان، بە هەڵپەڕکێ و شایی کوردەواری تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئەمریکا

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥

---

# بەڕێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە ترۆندهایمی نۆروێژ

ناوەندی هەواڵ- نۆروێژ: ئێوارەی ڕۆژی ١٩ی دسامبر( ٢٨ی سەرماوەز)، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ترۆندهایم، ڕێوڕەسمێکی خنجیلانەی بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان، بە بەشداری ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب لەو شارە بەڕێوەبرد.

سەرەتای بەرنامەکان بە سردووی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لە لایەن کۆرسی سروودی لاوانی دیموکرات و چەند چرکەیەک بە پێوە ڕاوەستان بۆ گیانی پاکی سەهیدانی کوردستان دەستی پیکرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب بەو بۆنەوە لە لایەن عەزیز مەعرووفی پێشکەش کرا. سروودی " هۆ کاکی پێشمەرگە" بە دەنگی هاوڕێ جەماڵ ئیبراهیمی و بە هاوڕێیەتی کۆرسی سروود پێشکەش کرا. پاشان "بەرزیی خەبات" و هۆنراوەی" پێشمەرگە" لە لایەن کاک ڕامین شێنانی و بە دوای ئەو دا گۆرانییەک لە لایەن کاک ئاسۆ گولابی هەروەها بە کۆرس پێشکەش بە بەشداران کرا.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز، بە شایی و هەلپەڕکێی بەشداران تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا، لە نێو بە سرودی " خوایە وەتەن ئاواکەی"، کە بە کۆمەڵ لە لایەن هەموو بەشدارانەوە گوترا کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٩ی دێسامبری ٢٠١٥

## لە شاری تۆرکۆی فینلاند، ڕێز لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان گیرا

ناوەندی هەواڵ- فینلاند: بۆ ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان ، کۆمیتەکانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هاوکاری کۆمیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی فینلاند، ڕۆژی هەینی ١٨ای دێسامبری ٢٠١٥ی زایینی، ڕێورەسمێکی بە شکۆیان لە شاری تورکو پێک هێنا. ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لە لایەن کۆری سرودی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی



کوردستان و ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردو کوردستان دەستپێکرد. پاشان پەیامی هاوبەشی کۆمێتەی

گشتی حیزب و یەکیەتی ژنان و یەکیەتی لاوان لە لایەن خاتوو گەلاوێژ بازیان بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دێموکرات لە فینلاند خوێندرایەوە. بە دوای ئەودا پەیامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکانی فینلاند لە لایەن کاک مەجید حەقیەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

ئینجا لە لایەن هاورێ کوردنژاد ئیراهیمی بیرەوەریەک لە سەر خەباتی پێشمەرگانە خویندرایەوە کە سەرنجی بەشدارانی ڕێورەسمەکەی بۆ لای خۆی راکیشا. شایانی باسە کە نێو ئاخنی بەرنامەکان بە شێعر و پەخشانی شۆرشگێرانە و لە وەسفی پێشمەرگە دا لە لایەن بەرێوەبەرانی بەرنامەکەوە بەرێزان سروشت رەسوڵی و هێمن زادئەحمەد رازایەوە.

بەشی کۆتایی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرمااوەز تەرخان کرابوو بۆ کاری هونەری کە بە دەنگە شاد و خۆشەکەی هونەرمەندی پێشمەرگە فەرهاد ئالانی و بە هەڵپەرکی جوانی کوردەواری لە لایەن بەشداربووانەوە شەوئاهنگەکەیان زیاتر رازاندەوە و تا درنگانێکی شەو لە نێو خۆشی و شادی بەشداربووانی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ئێشمەرگە و ئاڵای کوردستان درێژەی کێشا .

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٨ای دێسامبری ٢٠١٥

## بەشداری شاندی کۆمیتەی دانمارکی ح د ک لە ڕێورەسمی ڕێز گرتن لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان

ناوەندی هەواڵ - دانمارک: ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ ی دسامبری ٢٠١٥ی زایینی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان (ئینسیاتیڤ) لە



وڵاتی دانمارک بۆ پیرۆز کردن و بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان ڕێورەسمێکی بەشکۆی بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی دانمارک و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەندامانی کۆمەڵە کوردییەکان پێکهێنابوو. لەو ڕێورەسمە دا بە خوێندنەوەی شیعر و پەخشان و پێشکەش کردنی چەندین وتاری تایبەت بەو ڕۆژە لە لایەن بەشدارانەوە و بڵاو کردنەوەی کەیک و شێرینی ڕێز لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان گیرا. پێویست بە ئاماژەیە کە لە سەر بانگهێشتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی هاوڕێ خالید ڕەواندوست بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمیتە، بەشداری ڕێورەسمەکە بوون و پەیامی کۆمیتە لە لایەن خالید ڕەواندوست خوێندرایەوە. شاندی حیزب لە لایەن بەرێوەبەرانی ڕێورەسمەکەوە بە گەرمی پێشوازی و پیرۆزباییان لێکرا.

حیزبی دێمو کراتی کوردستان . کۆمیتەی دانمارک

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٧ای دێسامبری ٢٠١٥

---

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتدا

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەرێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یادو بیرەوەریی پێشمەرگەی کوردستانی بەرز ڕاگرت.



لەو ڕێوڕەسمەدا کە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی سەرماوەز لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو کۆمەڵێکی زۆر میوانو دۆستو لایەنگرانی حیزب بەڕێوە چوو، بە بیرهێنانەوەی حەماسەی پێشمەرگەو ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان لە مێژووی

ڕزگاریخوازیی کورددا، خەباتو فیداکاریو قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێزی لێ گیرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیز قسەکانی خۆی بە بیرهێنانەوەی لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد دەست پێ کرد. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتی لە دوای کۆماری کوردستانەوە لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان کاتێ باس لە خەبات کراوە، کاتێ باس لە شۆڕش و فیداکاری کراوە، قسە لە هەوڵدان بۆ جێخستنی مافە نەتەوایەتییەکان کراوە، هەمیشە ناوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێو ئەو ناوەو مێژووە نەهادینە بووەو ئەوە یەکێک لە دەسکەوتەکانی جووڵانەوەی کوردەو ئێمە ئارەزوو دەکەین ئەو ناوە کە کەسایەتیی خەباتکاری کوردی پێ پێناسە کراوەو یادگاری کۆماری کوردستانەو تایبەت بە کوردەو شوناسی خەباتکاری کوردە، لە باکوورو خۆراوای کوردستانیش نهادینە بکرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە میراتگری بنەماکانی کۆماری کوردستانو دەیان ساڵ خەباتو تێکۆشانە، پێشمەرگەی بیروباوەڕێکە، پێشمەرگەی خەباتو تێکۆشان لە پێناو جێخستنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان دایەو، لە پێناو سەقامگیرکردنی شوناسی کورد دایەو ئەو پەیامە بە دەسەڵاتدارانو نەیارانی دەدا کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو نەتەوەیە، کورد پێشمەرگەی لێ نابڕێو خەبات بەردەوامی هەیە. پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە نایەوێ نەتەوەکەی لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە تەحقیر بکرێ، چونکی ئەو ئامانجە ئامانجێکی پیرۆزەو ئەمرۆکە دەبینین کە ئەوانەی ئەو ئامانجەیان هەڵگرتوە هەر بەرەو پێش دەچنو ئەوانەی دژی ئەو ئامانجەن، ژمارەیان هەر لەکەمی دەداو دەسەڵاتە ئیستیبدادەکان خەریکە دەڕووخێن یان دەگۆڕێن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی خۆیدا بە تیشک خستنە سەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو گرینگترین پرسە سیاسییەکانی ناوچە لە ئێستادا بە ئاماژە بە قەیرانی ئوتومیی ئێران گوتی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شناختێک کە لە کۆماری ئیسلامی هەمانە دەمانەوێ قەیرانی ئەتومیی ئێران چارەسەر بێ، نەک ئەوەی پێمان وابێ ئەوە ببێتە ئەسبابی کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی پرسی ڕۆژانەی خەڵک، دێموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، ژیان، بێکاریو ئەو نەهامەتییانەی خەڵک لەگەڵی بەرەوڕوون، ئەوانە زۆرتر بێنە بەرباسو لە دنیادا باسیان لەسەر بکرێو قەیرانی ئەتومی لە چەقی سەرنجی دنیای دەرێ بێتە دەرێو کێشەی سەرەکیی خەڵک وەک ئازادیو مافی مرۆڤو مافی نەتەوەکان بێتە باسە گشتییەکانی دنیای دەرەوە لەگەڵ ئێران.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا بە ئاماژە بە لێکدانەوەکان لەسەر کارنامەی ٤ مانگەی دەوڵەتی ڕووحانی

گوتی پێوەری ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی دەوڵەتی ناوبراو ئەوە نیە کە چەندە پیاوی چاک یان خراپە یان چەندە لەگەڵ دەوڵەتی پێش خۆی جیاوازە، بەڵکوو پێوەری ئێمە ئەوەیە کە هەر کام لەوان چەندە وەڵامدەرن لە هەمبەر ویستو داوای ئێمە وەک نەتەوەی کوردو، ئێمەش لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە هەموو ئەو پرسانەدا خۆمان بە خاوەن بەش دەزانین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باسەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە کرد کە ئێمە دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسەی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد کە خۆی لە خانەی ئەمنیەتیدا دەبینێتەوە لە بەین ببەین، نفووزی جەماوەری حیزبی دێموکرات، مێژووی خەباتو قوربانیدانی حیزبی دێموکڕات، شانازییەکانی حیزبی دێموکڕات هەموو سەرمایەن بە ئەو نەتەوەیە، بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو نەتەوەیە بە هەموو ئایینزاو جۆراوجۆرییەکانییەتیو ڕێگەی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو پیلانەی ڕێژیمیش ئەوەیە کە ئەرکی خەبات ئەرکی هەموو تاکێکی کورد لە کۆمەڵگای کوردستان بێ.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕوو بە لاوانی کوردو بە بیرهێنانەوەی خەباتی دوروودرێژی بابو باپیرانو نەسڵەکانی پێش خۆیان بە ڕزگاریو سەربەستیی کورد گوتی: میللەتێک شانازی بە مێژووی پڕ سەروەریی خۆی نەکا، شانازی بە کەسایەتییەکانی خۆی نەکا، شانازی بە ڕابردووی خۆی نەکا ناتوانێ بە ئیقتدارو باوەڕ بەخۆبوونەوە بەرەوڕووی بەرامبەرەکەی بێتەوە. بۆیە ئەو نەسڵە دەبێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێ ئەو هەزاران پێشمەرگەیە بۆ شەهید بوون، با ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین ئەرک بۆ خۆمان دابنێین لە نێوخۆی وڵاتدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاوڕی لە بەرنامەو هەوڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ دروستکردنی یەکیەتیو تەبایی لە نێو هێزە سیاسییەکاندا دایەوەو ڕوو لە نێوخۆی کوردستانیش داوای کرد کە ئەو یەکیەتییە پێویستە لە نێوخۆی کوردستانو لە نێو هەموو چینوتوێژەکاندا بێتە دی، چونکی پلانو بەرنامەی ڕێژیم بۆ ڕێگەگرتنو تێکدانی یەکیەتیو یەکگرتوویی کوردە.

بەڕێزیان گوتی با ئێمەو ئێوە لەنێوخۆی کوردستان مەجال بە کۆماری نەدەین پرسی کورد لە ئێران بە کێشەی پارێزگای سنە، یان کرماشان، یان جۆراوجۆریی ئایینزایەک پێناسە بکا، ئەوە ئەرکی هەموو لایەنەکانە بە کۆبوونەوە، بە دانیشتن، بە گوتاری هاوبەش بە کۆماری ئیسلامی بڵێین کە ئەو لە کوردستان لەگەڵ کێشەی نەتەوەیەک بەرەوڕوویە، نەک پارێزگایەک، ئایینزا یان جۆراوجۆرییەکی دیکەو هەموو ئەوانە دەکرێو جێبەجێ دەبێ، تەنیا بەو مەرجەی هەموو لا یەکگرتوو بن، چونکی کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەوە دەیەوێ ئەو یەکیەتییە تێک بداو کێشەو ناکۆکی بخاتە نێوان لایەنەکانەوە.

شایانی باسە ئەو ڕێورەسمەدا بە سروودی " من پێشمەرگەم" ، گرووپی هەڵپەڕکێی 26 ی سەرماوەز بە چەند تابلۆی هەڵپەڕکێ، پەخشانە شێعری عەلی قۆیتاسی، گۆرانییەکی حەمەدەمین کەریمی، گۆرانییەکی ئەییوب یارئەحمەدی، تەک نەوازیی سامان باوەجانی، گۆرانییەکی سەعید کامیارانی، گۆرانییەکی ئەشکان میلانی، سروودی من پێشمەرگەی کوردستانم بە دەنگی سەید ساڵح سەیدیو چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی ئاویەر درێژەی پێ درا.

پاشان لە لایەن هاورێ مەحبوب رەحیمی بەخێرهاتنی بەشداربوانی جێژنەکە کرا و ناوبراوا بە چەند کۆپلە شێعری شۆرشگێرانە جێژنەکەی کردەوە.

ئەمجار پەیامی کۆمیسۆنی سیاسی، نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لەلایەن بەرێز خوسرەو قادری، ئەندامی بەرێوەبەری کۆمیتەی حدک لە نۆروێژ، پێشکەشی بەشدارانی رێورەسمەکە کرا.

ئینجا پەیامی پیرۆزبایی هاوبەشی یەکێتیکانی ژنان، لاونی دێموکرات و کۆمەڵەی کولتوری کوردی لەلایەن بەرێز هێژا رۆستەمی بەرپرسی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ پێشکەش کرا.

لە لایەن پێشمەرگەی دێرین، بەرێز عەبدوڵڵا شەخسە بە کۆپلە پەخشانێک وەسفی پێشمەرگە کرا و هەر بەم بۆنەوە، بەرێز ئەبوبەکر قەدیکورد ئەندامی کۆمیتەی نۆروێژی حدک بە چەپکە گوڵێک رێزی لە بەرێز دڵدار زێباری هونەرمەند و دڵ سۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت.

کۆرسی سروودی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵات کوردستان، بە سروودی "هۆی کاکی پێشمەرگە"، تام و چێژێکی تریان بە رێورەسمەکە بەخشی.

دوایین بەشی رێورەسمەکە بە شایی‌و هەڵپەرکێی بەشداران‌و بە دەنگی بەرێزان دڵدار زرێباری و پیران قادرزادە، تا کاتژمێر ١٢ای نیوە شەو بەردەوام بوو.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- کۆمیتەی نۆروێژ

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / رێکەوتی : ٢١ی دسامبری ٢٠١٣

## بەرێوەچوونی جێژنی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری لینشۆپینگ، وڵاتی سوئید

ناوەندی هەواڵ- سوید: رۆژی ١٤ای دێسامبری ٢٠١٣ی زایینی، بەرامبەربە ٢٣ی سەرماوەزی ١٣٩٢ای هەتاوی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رێورەسمێکی رێز لێنان لەم رۆژە پیرۆزە



لە مێژووی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کوردانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگەوە بەرێوەچوو.

سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" و پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە خەبات‌و گیانبازیی شەهیدانی کوردو کوردستان راگەیێندرا.

پاشان لە لایەن بەڕێزعەلی باڵەکی بەپرسی کومیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ چەند وتەیەک پێشکەش کران و بە خێرهاتنی بەشداربوانی جێژنەکە کرا و بە خوێندنەوەی چەند پارچە هەڵبەست و شێعری شۆرشگێرانە جێژنەکەی کردەوە.

دوای ئەم بەشە پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئێد لە لایان بەڕێز ئێقبال عەبدوڵاهی ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری لینشۆپینگ پێشکەشی بەشداربووانی رێورەسمەکە کرا. شایانی باسە کە نێورۆکی پەیامەکە ئاوڕدانەوەیەک بوو، لە چۆنیەتی دیاری کردنی ناوی بەرزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها دیاری کردنی رۆژێک بۆ رێزگرتن و بیرەوەری لە کارو تێکۆشانی پێشمەرگە لە لایەن حدک لە ساڵی ١٣٦٣ ی هەتاوی دا، لە بەشێکی دیکەی پەیامەکە دا باس لە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەی رۆهەڵاتی نێوەراست و ململانی و خەباتی کوردەکان لە رۆژهەلات و رۆژئاوای و باکووری کوردستان کرا بوو و جێگەوپێگەی کوردی بە نیسبەت خەباتی پێشووی خۆی بە رِوونی تێیدا باس کرابوو و هەر لەو پەیوەندی‌یەدا ئاورێک لە سەر رژێمی ئێران و کارو کردەوەکانی بە نیسبەت خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی درایەوە و گرتن و ئێعدام، بێکاری، بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان، کوشتنی کاسبکار و کۆڵبەرەکان و کوژران و کەم ئەندامبوونی رۆژانەی خەڵک بە مینی چێندراو باسێک بوون لە پەیامی کۆمیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی سوئێد.

پاشان بە نوێنەرایەتی سەرجەم بەشدارن و بۆ رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانەتی پێشمەرگەکانی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایان کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبەوە، چەندین مۆم بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز داگیرساندران و بەم شێوەیە رێز لە گەورەیی ناوی بەرزی پێشمەرگە گیرا.

لە برگەیەکی دیکەی رێورەسمەکەدا چەندین پەیام و برووسکە پێشکەش کران کە نێوەرۆکی پەیامەکان باس لە یەکریزی و رێزگرتن لە پێشمەرگە و وەسفی رۆژانی سەختی خەبات و ئەمرۆی پیشمەرگەی کوردستان بوو.

پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر حەسەن‌پوور
پەیامی هاوبەشی کەرتی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن بەرێز برایم شەم،
پەیامی کۆمەڵەی کولتوری کوردی شاری لینشۆپینگ لە لایەن بەرێز عیماد محەممەد
پەیامی کۆمەڵەی کەم ئەندامان و بەساڵاچووان لە لایەن برایم شەم
برووسکەی رێکخستنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە لایەن بەرێز ئاسۆ

هەر لەو پەیوەندی‌یەدا چەندین برووسکەی پیرۆزبایی حیزبی شیوعی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و بە بەرێوەبەرانی رێورەسمی رۆژی پێشمەرگە گەیشتبوون.

بەشێکی دیکەی ئەو رێورەسمە تەرخان کرابوو بۆ کۆمەڵێک لە کەسایەتی‌یە دیارەکانی سەردەمی خەباتی شاخ بۆ باس کردن لە

سەر ڕۆل و کاریگەری پێشمەرگە لە کۆمەڵگای کوردستان دا کە هەر یەک لەو بەرێزانە باسیان لە شێوەی خەبات و چۆنیەتی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەمانیان لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کرد و بەم شێوەیە هەستی خۆیان لەبەرامبەر گەورەیی پێشمەرگەدا دەربری.

دوایین بەشی ڕێورەسمەکە دیاری کرابوو بۆ بەشی هونەری کە لە لایەن بەهرەمەندی دەنگخۆش خاتوو باوان کەریمی و بە هاوکاری موزیک ژەن ڕەهێڵ قادر بەرێوەچوو کە لەو بەشەدا بەشداربووان بە جۆش و خرۆشەوە تا درەنگانێک لە شەو درێژەیان بە ڕێورەسمەکەدا.

کومیتەی لینشۆپینگ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٤ی دێسامبری ٢٠١٣

---

# بەرپیوەچوونی شەوئاهەنگێک بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری ئۆرێبروو

ناوەندی هەواڵ- سوید: رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧ی دێسامبری ٢٠١٣ بەرنامەیەکی بە ئامادە بوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵەی سویدی- کوردی، حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان، ڕێورەسمێکی ڕێک و پێک بۆ یادی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە شار ئۆرێبرۆی وڵاتی سوید بەڕێوەچوو.



سەرەتا لە لایەن تێکۆشەری دێرین و شۆڕشگێڕی خاوەن هەڵوێستی ناو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز مامۆستا سیراون حەفیدی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتەی ئۆرێبروو بەخێر هاتنی بەشداران کرا. پاشان پەیامی کۆمیتە لە لایەن هاوڕێی تێکۆشەر بەڕێز کەریم بابەکری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری ئۆرێبروو خوێندرایەوە. لەو پەیامە دا وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنە، ئاماژە بە ڕۆژی دامەزراندنی سپای

ڕزگاریخوازی کوردستان لە سەردەمی کۆمار دا کرابوو و هاوکات ئاوڕ لە قارەمانەتی و خۆڕاگری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کرابوو کە لە هەموو دەورانی سەختی خەبات دا، بەوپەڕی فیدارکارییەوە، ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان بە جێ گەیاند.

بەشێکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ نان خواردن. شایانی باسە کە بەشداران بە هێنانی خواردنی کوردەواری خوانەکەیان رازاندبۆوەو هەموو بەشداران بەیەکەوە لە دەوری یەکتری دستیان بە خواردنی نانی ئێوارە کرد.

دوابەشی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ بەشی هونەری و هەڵپەرکێ، کە تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو و هەموو بەشداران پێشوازێکی گەرمیان لە یادەکە کرد.

کۆمیتەی ئۆرێبرووی حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیتەی ئۆرێبرووی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی سویدی- کوردی لە شاری ئۆرێبرۆ

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٣

---

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٦٢ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە پارێزگای ئۆستفۆڵد "نۆڕوێژ"

ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز، بەرانبەر بە ١٥ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی، کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆی بۆ کوردانی هەرچوارپارچەی کوردستان پیک هێنا.



سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لەلایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامە جەعفەر ڕەسووڵی، هەتاو ساڵحزادە و سازکار ئەمینی چەندین شێعرو پەخشانی شۆرشگێری پێشکەش کراو ناوبراوان بەخێرهاتنی میوانانیان کرد.

پاشان پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز نادر ئەمینی بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵد پێشکەش کرا.
دواتر پەیامی کۆمەڵیک لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات حەسەن ئەمینی ناسراو بە "حەسەن غەمبار" پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی کومیتە ناوچەی ئۆسفۆڵدی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز خاتوو نازێ عەلیدوست خوێندرایەوە.

لەدرێژەی ڕێورەسمەکەدا پارچە پەخشانێک وشێعرێک لە لایەن بەڕێز سامان شۆرش پێشکەش کرا.

کومیتەی ئۆسفۆڵدی یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و بەرخۆدان و تیکۆشانی پێشمەرگە چەندین چەپکە گوڵیان پێشکەش بە سەرجەم پێشمەرگەکانی کوردستان کە لەم جێژنەکەدا بەشدار بوون.

شایانی باسە کە چەندین بروسکە و پەیامی پیروزبایی و چەپکە گوڵ لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانەوە گەیشتبوونە دەستی بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە کە بریتی بوون لە:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان
پارتی دێموکڕاتی کوردستان
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆڕان
یەکێتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوابەشی ڕێورەسمەکە بە شایی و شادی و هەڵپەرکێی بەشداربووان و دەنگە خۆشەکەی هونەرمەند قادر ئەسعەد تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٦ی دێسامبری ٢٠١٢

---

## بەڕێوەچوونی جێژنی ٦٤ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

ڕۆژی ١٥ی دێسامبری ٢٠١٢ی زایینی، کومیتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری کۆمیتەی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی "شیلەند"ی دانمارک بەمەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ڕێورەسمێکی بەشکۆی بۆ کوردانی

هەرچوارپارچەی کوردستان پیک هێنا.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لە لایەن گروپی سرودی لاوان و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.




پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری بەرنامە، خاتوو سنوور محەممەدزادە بەخێرهاتنی میوانان و بەشداربووان کرا و دواتر، داوا لە کاک ناسر پیرانی کرا وەک پێشمەرگەی دێرین لە سەر ئەم ڕۆژە پیرۆزە بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزب چەند وتەیەک پێشکەشی بەشدار بوان بکات..

پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لایەن کاک خالید ڕەواندوست، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کردستان لە دانمارک پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکرات لە لایەن خوشکە قەدەم خێر پێشکەش کرا.
هە روە ها پەیامی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە لایەن بەرێز هۆزانەوە پێشکەش کرا.
لەدرێژەی ڕێورەسمەکەدا پارچە شێعرێک لە سەر هەیبەت و کەرامەتی پێشمەرگە لە لەیەن سەلاح حاجی رەشیدی پێشکەش کرا.
شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە لایەن خاتوو سنوور محەممەدزادە چەندین پارچە شێعر و هەڵبەست بۆ نێو ئاخنی بەرنامەکە پێشکەش کران، و هەر بەم بۆنەوە لە لایەن خاتوو فەریدە موتەفیق ئەدیب گۆرانێک پێشکەش بە ئامادە بووان کرا.

دوابەشی ڕێورەسمەکە بە شایی و شادی و هەڵپەرکێ بەشداربووان تا درەنگانێکی شەو درێژەی هەبوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٥ی دێسامبری ٢٠١٢

## ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە شکۆیەکی زۆرەوە لە تۆرکۆی وڵات فینلاند بەڕێوەچوو

ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و نوێنەری هێزە سیاسیەکانی کوردستان ومیوانان، بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی پر لەسەروەری پێشمەرگەی کوردستان لە

شاری تورکوو،ی وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد کە لە لایەن پۆلێک کیژی ئەندامی یەکیەتی لاوانەوە پێشکەش کرا. پاشان ئامادەبوان خولەکێک بە بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان راوەستان.



دواتر پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی فینلاند بە بۆنەی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەرێز ئازاد شێخی دوە خوێندرایەوە.

لەدرێژی ڕێورەسمەکەدا سرودی لە قەندیلی سەربەرزەوە، لەلایەن هونەرمەند رزگار هەورامییەوە پێشکەشی ئامادەبوان کرا. لە درێژەی کاری ڕێورەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەشیر ئەمیر خانی یەوە خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە: پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمان دێموکراتیک یارسان، پارتی دێموکراتی کورد سوریە ئەلپارتی، حیزبی شیوعی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەروەها بەرێوە بەرانی بەرنامە سیاسی "کومیتەی ئاشتی" و کاک کەریمی فەرخەپووریان کرد کە پەیامی پیرۆزبایی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان ڕەوانەی ڕێورەسمەکە کردبوو.

برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان سرودی "ئەی شەهیدان" بوو کە خاتوو ناهید هەورامی پێشکەشی کرد. دواتر پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان لەلایەن هێمن زاد ئەحمەددەوە خوێندرایەوە.

دوا برگەی ڕێورەسمی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی ڕێزگرتن لە فیداکاری پێشمەرگەی کوردستان شایی و هەڵپەرکیی بەشداران بوو کە هەریەک لە هونەرمەندان خاتوو ناهید هەورامی و رزگار هەورامی بە دەنگە بەسوزوکەیان تا دەرەنگانێکی شەو کۆڕی شایی و هەڵپەرکییان ڕازاندبووەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٢

